

ئامادەکردن و کردنە PDF
فریشتە سلێمان
کتێبخانەی (PDF)

ئۆشۆ

# چرای ڕێگای خۆت بە

وەرگێڕانی
د. عادل محەمەد سەعید

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




## کتێبخانەی ( PDF ) ›

Public group · **100K** Members

ئۆشۆ

# چرای ڕێگای خۆت بە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە
د. عادل محەمەد سەعید

پێشەکی و پێداچوونەوەی
هاوبیر کامەران

سلێمانی ٢٠١٢

سەرچاوە:
چراغ راه خود باش
باگوان شری راجنیش- اوشو
مترجم: مجید پزشکی
ناشر: هودین ۱۳۸۵

ناوی کتێب: چرای ڕێگای خۆت بە
نووسینی: ئۆشۆ
وەرگێڕانی: د. عادل محەمەد سەعید
بابەت: عیرفانی
هەڵەچنی: نشتیمان محەمەد
پێداچوونەوەی زمانەوانی: نەورۆز حاجی سەیدگوڵ
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
نرخ: ۱۵۰۰ دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ۲۰۱۲
کوردستان _ سلێمانی
www.serdem.net
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdem.net
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (۱٤۱۸) ی ساڵی ۲۰۱۲ پێدراوە

(مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٦٢٣)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

# ناوەڕۆک

پێشەکی بە قەڵەمی هاوبیر کامەران ٩
ڕۆژی یەکەم.. دڵنایی بێ سنوور ١٧
شەوی یەکەم... بەئاگابە ١٨
ڕۆژی دووەم... دانیشتن لەگەڵ خود ١٩
شەوی دووەم.... خۆت بە ٢٠
ڕۆژی سێهەم... گۆڕانی بنەڕەتی ٢١
شەوی سێهەم... ئاواتەکانت دێنە دی ٢٢
ڕۆژی چوارەم... هەنگاوێک بەرەو پێش ٢٣
شەوی چوارەم... گیرۆدەبوونی زەین ٢٤
ڕۆژی پێنجەم... ڕووناکی هەتا هەتایی ٢٥
شەوی پێنجەم... فڕاندنی نەگبەتی ٢٦
ڕۆژی شەشەم... بوێریی ئەشق ٢٧
شەوی شەشەم... دەرگای ئارامی ٢٩
ڕۆژی حەوتەم... جەوهەری بوون ٣١
شەوی حەوتەم... سواڵکەری بێ ئاگا ٣٢

ڕۆژی هەشتەم... بێ خۆشەویستی ٣٣
شەوی هەشتەم.. سیاسی، لەناوبەری مرۆڤایەتی ٣٤
ڕۆژی نۆیەم... لە ئەشقەوە بۆ ئەشق ٣٧
شەوی نۆیەم... خەزێنەی بێ کۆتا ٣٨
ڕۆژی دەیەم... یەکپارچە بوون ٣٩
شەوی دەیەم... ئیکیسری ژیان ٤٠
ڕۆژی یازدەیەم... پەیژە ٤٢
شەوی یازدەیەم... بەهاری بوون ٤٤
ڕۆژی دوازدەیەم... شادومانی ٤٦
شەوی دوازدەیەم... خودئاگا ٤٧
ڕۆژی سیازدەیەم... خۆشاردنەوە ٤٩
شەوی سیازدەیەم... ناسینەوەی هەموو شتێک ٥١
ڕۆژی چواردەیەم... من لەش نیم ٥٢
شەوی چواردەیەم... تاجەگوڵینە ٥٣
ڕۆژی پازدەیەم... ڕەحمەت ٥٥
شەوی پازدەیەم... دڵی ئارام ٥٦
ڕۆژی شازدەیەم... پاشایەتی ٥٧
شەوی شازدەیەم... ڕێگر ٥٩
ڕۆژی حەڤدەیەم... مۆڕاڵ ٦٠

شەوی حەڤدەیەم... بێ کۆتایی ٦١
ڕۆژی هەژدەیەم... کەسی ڕاستەقینە ٦٢
شەوی هەژدەیەم.... دڵۆپەی شەونم ٦٣
ڕۆژی نۆزدەیەم... تەنیابە ٦٤
شەوی نۆزدەیەم... فەنابوون ٦٦
ڕۆژی بیستەم ... خۆهەڵواسین ٦٧
شەوی بیستەم... من ئاسمانم ٦٩
ڕۆژی بیست و یەک... گوڵەکان بریندار مەکە ٧٠
شەوی بیست و یەک... زیندووی ڕاستەقینە ٧١
ڕۆژی بیست و دوو... بەدبەختیی ٧٣
شەوی بیست و دوو... سەلماندنی بوونی خودا ٧٥
ڕۆژی بیست و سێ... باڵەکانمان ٧٦
شەوی بیست و سێ... دۆزینەوەی ڕەگ ٧٧
ڕۆژی بیست و چوار... کێ ئازادە ٧٩
شەوی بیست و چوار... بوون یان نەبوون ٨١
ڕۆژی بیست و پێنج... فێربوونی فێربوون ٨٣
شەوی بیست و پێنج... ژیان وەک گەدا ٨٥
ڕۆژی بیست و شەش... شادومانی بێ ئاگا ٨٦
شەوی بیست و شەش... خەڵکی دۆزەخن؟ ٨٨

ڕۆژی بیست و حەوت ... توانەوە لە گەردووندا ٨٩
شەوی بیست و حەوت... چاولێکەری ٩١
ڕۆژی بیست و هەشت... تۆ دوورگە نیت ٩٢
شەوی بیست و هەشت... دڵی بێ گەرد ٩٤
ڕۆژی بیست و نۆ... تەسلیم بوون ٩٦
شەوی بیست و نۆ... خودای ناو شەیتان ٩٨
ڕۆژی سیهەم... جەژن بۆ خۆت بگێڕە ١٠٠
شەوی سیهەم... عارفی ڕاستەقینە. ١٠٢

# پێشەکی

ئۆشۆ، یەکێک لەو عارف و فەیلەسووف و دانایانەی هیند بوو، کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر خەڵکێکی زۆرەوە هەبووە و توانیویەتی نازناوی کەسایەتی کاریگەری سەدەی بیستەم بۆ خۆی بپچڕێت. ئۆشۆ لە تەمەنی خۆیدا هیچ کتێبێکی نەنووسیوە و بڕوای وابوو کە دەبێت مرۆڤ ڕاستەوخۆ ببیستێت و لێکۆڵینەوە و پرسیار بکات، کتێب ناتوانێت زیندوو بێت لە گەڵت و ناتوانێت بەشداری بکەیت، بەڵکو تەنها دەبێت گوێی لێ بگریت و هیچی تر. ئەو بڕوای وابوو بۆ ئەوەی بتوانیت بگەیتە هەقیقەت، دەبێت ڕاستەوخۆ لە مامۆستایەکەوە فێری دانایی و ڕێگەکانی گەشانەوەی دانایی ببیت لە خۆتدا و ئەمە لە ڕێگەی کتێبەوە مەحاڵە. بەڵام بە مردنی ئۆشۆ هەموو جێیەک پڕ بوو لە نووسینەوەی وتارە بەناوبانگەکانی ئۆشۆ. وتارەکانی ئۆشۆ وەرگێڕرانە سەر هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان. زۆرینەی وتارەکانی تایبەت بوون بەو کەسانەی بەشداربوون لەو خولانەی یۆگا و تانترا و تێڕامانی تایبەت بە ئۆشۆ کە دەیکردنەوە. هەربۆیە وتارەکانی ئۆشۆ پارچە پارچەو ناڕوونن، چونکە وەڵامەکان بە پێی فەهم و تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە لە سەتسەنگەکاندا واتە لە دانیشتنەکانی پرسیارو وەڵامدا پرسیارەکانیان ئاراستە کردووە. ئەمە وای کردووە تێگەیشتن

لە ئۆشۆ و بڕیاردان لەسەری زۆر ئاستەم بێت و بە یەکێک لەو مامۆستایانەش دابنرێت کە پەیامەکەی گەلێ ئاڵۆز و پێچاو پێچ بێت.

بێگومان لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی ئۆشۆ و ئەو سەرچاوانەی کە کاریگەربوون لەسەر مەعریفە و ڕێنماییەکانی، دەتوانێت سەرەداوێک بداتە دەست بۆ تێگەیشتن لە پەیامەکەی.

ئۆشۆ پاش ئەوەی زانکۆ تەواو دەکات و دەبێتە مامۆستای زانکۆ، لە هەمان زانکۆی جەبەلپوری هیند کە خۆی تێیدا خوێندی، بە شێوەیەکی سەیر لە خوێندنی ئەکادیمی هەڵدەگەڕێتەوە و دەکەوێتە شکاندنی سەرو گوێی فەلسەفەی ئەکادیمی ئەفلاتون و خوێندنی سنووورداری زانکۆ و پەیمانگە و مەکتەبەکان. ئەو پێی وابوو زانکۆکان لە تەمەنی مرۆڤ سەرف دەکەن و مەعریفەی ئەو سنووردار و لە قالبدراو دەکەن و بەمەش شانسی گەیشتن بە مەعریفە لە بەین دەچێت. ئەو زانکۆکانی بە ئامێرێک دەدا لە قەڵەم کە کۆمەڵگە دەیەوێت لە ڕێگەیەوە تاک ڕام بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەو بیروڕایەی ئۆشۆ هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەبینین. کاتێک بۆ یەکەمجار دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی و لە پۆلی یەک دەبێت لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکانی کە بە وتەی خۆی زیاتر لە جەللاد دەچوو تا مامۆستا، دەکەوێتە گفتوگۆیەکی گەرمەوە و بەوەش مامۆستاکە تووڕە دەبێت و دەیەوێت ئۆشۆ دەربکات، بەڵام ئۆشۆ بڕیار دەدات کە ئەو مامۆستاکە دەربکات و هەر بەو شێوەیەش دەکات. هیچ دوور نییە ئەزموونی یەکەم وانە و

یەکەم مامۆستای خراپ ئۆشۆیان لە خوێندنی ئەکادیمی تووڕە نەکردبێت.

پاش ئەوەی جیۆتیشە هیندۆسەکان، واتە ئەستێرەناسە ڤیداییەکان پێی دەڵێن کە لە یەکێک لە حەوتەکانی تەمەنیدا دەمرێت و ئۆشۆ لە تەمەنی حەوت سالی و چواردە ساڵیدا خۆی بۆ مردن ئامادە دەکات، بەڵام مردنێک ڕوونادات، تا ئەوەی لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا و لە یەکەم ڕۆژی بەهاری سالی ١٩٥٣ دا ڕووناک دەبێتەوەو ئەو کات تێدەگات کە ئەو مردنە هەمان مردنی ئیگۆ و سنوورەکانی دەروونی ئەو بووە. ئۆشۆ لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت: "پێویستە ڕێکەوتی ١٩٥٣/٣/٢١ بەبیر خۆم بێنمەوە، کاتێ کە هەموو شتێک جێی خۆی گرت. چەندین ژیان بوو هەوڵم دەدا و لەکاردا بووم، کارم لەسەر خۆم دەکرد، لە کێشەدا بووم و هەرشتێک بکرایە دەمکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ ڕووبدات. ئێستا تێ دەگەم کە بۆچی هیچ شتێک ڕووی نەدا، هەوڵەکانم خۆیان ببوونە بەربەست، قادرمەکان خۆیان ببوونە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتنمدا، پاڵنەری گەڕانەکە خۆی کۆسپ بوو". ئۆشۆ کاتێک باسی ڕووناکبوونەوەکەی دەکات دەڵێت: "نزیکەی هەفتەیەک پێش ٢١ ی ئازاری ساڵی ١٩٥٣، لە هەوڵدان و کارکردن لەسەر خۆم وەستام، تۆش کاتێک دێت کە بێسوودیی هەموو هەوڵەکانت بۆ دەردەکەوێت، ئەوەی لە دەستت هات کردت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕوونادات. ئەوەت کرد کە هەر مرۆڤێک دەتوانێت بیکات، تۆ لەوە زیاتر دەتتوانی چ شتێک بکەیت؟ لە ئەنجامدا دووچاری بێ ئومێدییەکی تەواو

دەبیت و لە گەڕان دەوەستیت. لەو ڕۆژەدا کە لێکۆڵینەوەکانم وەستاند، وازم لە هەموو جۆرە گەڕانێک هێنا. ئەو ڕۆژە کە چاوەڕێم نەدەکرد هیچ ڕووبدات، لەوێوە ڕووداوەکە ڕوویدا. جۆرێکی نوێ لە وزە دەرکەوت لە (بێ شوێنییەوە)، دەرچوونی لە هیچ سەرچاوەیەکەوە نەبوو، لە هیچ شوێنێکەوە هەڵنەدەقوڵا و لە هەموو شوێنێکیشەوە هەڵدەقوڵا، ئەو وزەیە لە درەختەکان و بەردەکان و لە ئاسمان و خۆر و هەوادا بوو. لە هەموو شوێنێک بوو. منیش بە توندی دەگەڕام و وامدەزانی لێمەوە دوورە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر نزیک بوو لێمەوە و تەنانەت دەوری منی دابوو. هەموو ڕۆژێک بە شێوەیەکی سەیر و شێتانە بەڕێوە دەچوو، ئەزموونەکە ئەتاکێک بوو، ڕابردووم بەجێی هێشتم وەک هەر پەیوەندی بە منەوە نەبێت و هەرگیز لە بارەیەوە نەمبیستبێت، وەکو ئەوەی کە خەو بووبێت، تەنها وەک وابوو ڕابردووی کەسێکی تر بووبێت و گوێم لێ بووبێت، وەکو ئەوەی کەسێکی تر بۆمی گێڕابێتەوە، لە ڕابردووی خۆم جیابوومەوە، هاتمە دەر لە مێژووی خۆم، چیرۆکی ژیانی خۆمم ونکرد، بوومە هیچ. ئەوەی بوودا بە ئاناتا (Anata) ی ناو دەبات . هەمو سنوور و خەتەکانی دابەشکردن ون بوون".

ئۆشۆ، یەکێک لە مامۆستایانی بە توانای یۆگا بوو، سانیاسین (قەلەندەر) ێکی زۆر لەسەر دەستی ئەو بوونە یۆگی و خۆیان بۆ خزمەتی خەڵک تەرخان کرد. پەیامەکەی ئۆشۆ تەنها پەیامێکی مەعریفی نەبوو، بەڵکو ئەو پێی وابوو دەبێت مرۆڤەکان خۆیان بناسن و ئەم خۆناسییەش هەوڵێکی زۆری دەوێت، هەوڵەکان

هەم مرۆیین و هەم مەعنەوی، هەوڵە مەعنەوییەکان زیاتر تاکە کەسین، بەڵام هەوڵە مرۆییەکان دەتوانرێت جەماعی و گشتی بێت. بە کورتی ئەو پێی وابوو دەبێت خۆشەویستی ڕەنگ بداتەوە، هەم لەسەر ئاستی مەعنەوی و هەم لەسەر ئاستی ماددی، چونکە بێ خۆشەویستی هیچ هەوڵێک لە ئارادا نابێت کە بتوانێت یارمەتیدەری مرۆڤ بێت بۆ گەشتنەوە بە کەماڵی خۆی.

تۆشۆ بڕوای بە یەکێتی بوون (وحدە الوجود) هەبووە، بڕوای بە یەکێتی ئایینەکان هەبووە و زۆر کاریگەر بووە بە گەورە عارفی ئیسلامی مەولانای ڕۆمی. ئەمە بەدەر لەوەی کە تۆشۆ زۆر کاریگەری گەورە عارفی ڕوسی گورجیفی لەسەر بووە و بە یەکێک لە مامۆستاکانی خۆی داوە لە قەڵەم. هەرچەند ئەگەر بە وردی لە بیروڕاکانی تۆشۆ بڕوانیت دەبینی زۆر لە بوودا وە نزیکە و هەندێجار ڕێک دەبێتە بوودایی، بەڵام تۆشۆ بە ئایینی دایک (جین)ەو گەلێ ڕەخنەی لەو ئایینەش هەبووە و هەموو ڕەخنەکانیشی لەسەر هەموو ئایینەکانی وەکو یەهودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام و هیندۆیزم خستۆتە ڕوو بە شێوەیەکی زۆر ئازایانە. ئەو پێی وابوو کە دەبێت کرۆکی ئایین وەربگیرێت نەک توێکڵی ئایین. توێکڵی ئایین شەریعەتێکی وشکی مرۆڤ بێزارکەرە زیاتر لە یەکبوون، دەبێتە هۆی پارچە پارچە کردنی مرۆڤایەتی، ئەوەی کە دەبێت لە ئاییندا پەیڕەوی لێ بکرێت و گرنگە، ئەو کرۆکەیە کە مرۆڤ هان دەدات بۆ خۆشەویستی و گەیشتن بە کەماڵ لە ڕێگەی یەکبوونەوە.

ئۆشۆ بڕوایەکی تەواوی بە خودا هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو بڕوابوون بە خودا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و هەندێجاریش دەیوت بڕوابوون بە خودا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پێگەیشتن و هەوڵی مرۆڤدا. چونکە بڕوابوون بە خودا دەبێتە جێگەیەکی گەرم و نەرم و مرۆڤ وابەستەی دەبێت و ئەمەش نامێڵێت هەستیت لە خەو و ڕووناک ببیتەوە. کاتێکیش ڕووناک نەبوویتەوە هەموو بڕواکان و ئومێدەکان و حەزەکانت ناکامڵ و برسی و وەهمین و زۆر بە ئاسانی دەڕووخێن و لەناو دەچن.

ئۆشۆ هەندێجار بەوپەڕی نەرمییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئایینەکان کردووە و هەندێجاریش وەک باوکێکی ڕق ڕەخنەی لێگرتوون، بەڵام بە گشتی ئەو ئایین بە قۆناغێکی گەورە دەدات لە قەڵەم کە دەبێت مرۆڤی تێ بکەوێت نەک ئەوەی مرۆڤ لە باوانەوە بۆی بەجێ بمێنێت وەک زەوی و زار یان کاڵا و عەنتیکەوات، ئەو ئایینەکانی بە دەرگای جۆراو جۆر دەدا لە قەڵەم و دەیوت " مەعبەدی خودا دەرگای زۆرە، بەڵام هەموو ئەم دەرگایانە بە یەک کلیل دەکرێنەوە ئەویش ئاگایی و تێڕامانە ". ئاگایی و تێڕامان لای ئۆشۆ ئەو کلیلانەن کە بێ ئەو مرۆڤ ناتوانێ پەی بە گەورەیی ئایین و مەعبەدی خودا بەرێت.

ئۆشۆ لە ژیانی خۆیدا وەکو مامۆستایەکی گەورەی "تانترا" دەرکەوتووە کە کەم مامۆستا هەبوون شان بدەن لە شانی و ئەوەندە جوان تانترا ڕوون بکەنەوە. ئەو تانترا و ڕەقسی سۆفییەکانی لێکدا و تەریقەتی خۆی لەسەر بنیات نا. تەریقەتێک کە ڕەقس و سەما و هەڵپەڕکێی ئازادانە بەشێک بوو لێی. ئەگەر

کۆبونەوەکانی ئۆشۆ ببینی، دەبینی خۆی و هەموو سانیاسە جلسوورەکانی بە ئافرەت و پیاوەوە، بە پیر و گەنجەوە، بە ساغ و نەخۆشەوە سەما دەکەن و هەندێک دەگرین و هاوار دەکەن و هەندێکیش پێدەکەنن و کەوتونەتە جەزبەیەکی قووڵی ڕۆحانییەوە. ئۆشۆ و موریدەکانی ئۆشۆ ئاشقی ئازادی بوون، هەر بۆیە هەم لە هیندوو هەم لە ئەورووپا و هەم لە ئەمریکاش ئۆشۆ دوژمنی زۆری هەبوو.

دوژمنەکانی ئۆشۆ لەسەر سێ ئاست بوون: ئاستی مرۆڤگەلە عەوامەکەی نێو کۆمەڵگە کە نەیاندەویست وەخەبەر بێن و نەیاندەویست واز لە کولتوور و عاداتی لە باوانەوە بەجێماوی خۆیان بێنن و دەترسان لەوەی ژیانیان لێ تێکبچێت. ئەمانە ئۆشۆ بە مرۆڤە گرگنە ترسنۆکەکان ناوی دەبردن و دەیوت بەڕاستی کە خەبەر بوونەوە و ئەشق ئازایەتی دەوێت.

گروپی دووەم: پیاوانی ئایینی بوون کە دەترسان لەوەی بازاڕی گەرمیان سارد ببێتەوەو خەڵک تێبگەن لەوەی کە بۆ گەیشتن بە خودا پێویستە مرۆڤ خاوەنی ئاگایی بێت نەک خاوەنی مەلا و قەشە و حاخام و برەهمی. وەک هەمیشە ئۆشۆ نمونەی پێغەمبەرانی دەهێنایەوە و نمونەی حەللاج و سوهرەوەردی و خەییام و ئەو گەورە یۆگی و عارفانەی دەهێنایەوە کە لەسەر ئەوەی وەخەبەر هاتوون، دووچاری کوشتن و لێدان و سوکایەتی بوونەتەوە کە هەموویان دەستی پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمەی لە پشتەوە بووە.

گروپی سێهەم لە دوژمنەکانی ئۆشۆ، ئەو پیاوە سیاسییانە

بوون که دەترسان لە بە ئاگا هاتنەوەی خەڵک و کەشفبوونی دەستی ڕەشیان. ئەگەر خەڵک هەموو بە ئاگابێن ئیدی کەس نامێنێتەوە لە لایەن سیاسییەوە بەکاربێت و بە کوشت بدرێت. بیروڕاکانی ئۆشۆ لەمەڕ سیاسەت وایکرد حکومەتی ئەوسای هیند ڤیزە نەداتە ئەو کەسانەی دەیانویست سەردانی هیند بکەن بۆ چاوپێکەوتن و مولاقات کردنی ئۆشۆ. هەمان بیروڕا و وتارەکانی لەمەڕ جەنگەکانی جیهانی و سیاسەتی هەڵەی ئەمریکا وایکرد کە، ئۆشۆ لەلایەن دەوڵەتی ئەوسای ئەمریکاوە بگیرێت و زیندانی بکرێت و باجێکی زۆری لێ بسێنرێت و دەرمانخوارد بکرێت و لە ئەمریکا وەدەربنرێت. بەهۆی هەمان دەمانخوارد کردنەوە ئۆشۆ ساڵی ١٩٩٠ گیانی سپارد، دوای ئەوەی کە بە موریدەکانی خۆی وت: "ئەوە جارێکی تر مەسیحییەکان عیسایان لە خاچ دایەوە، ئێوە ڕقتان لێیان نەبێت و چاکەیان لەگەڵ بکەن، ئەمریکا پێویستی بەوەیە خەبەر بکرێتەوەو ئێوەش ئەتوانن ئەو کارە بکەن".

ئۆشۆ، بە یەکێک لە یۆگییە ئازادەکانی ئەم سەدەیە ناسراوە کە هەندێجار لەگەڵ ئەوەدا کە فێرکارییەکانی تانترا بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئاستەمە تەنانەت بە یۆگییش بیدەیتە قەڵەم. چونکە ئەو خاڵی بەریەک کەوتنی زانست و فەلسەفە و تەسەوف و یۆگا و شامانیزم و تەنانەت عیرفانی مەسیحیشە.

هاوبیر کامەران

# دانایی بێ سنوور

ئێمە بە داناییەکی بێ سنوورەوە دێینە دونیاوە، بەڵام بە کۆکردنەوەی زانست دانایی لە دەست دەدەین. ئێمە داناییەک کە زۆر بەنرخە ئەکەین بە قوربانیی بۆ زانستێکی بێ سوود.

بەرامبەر بە زانستی وەهمیی نەزانبە، کۆڵی زانست لەسەر شانت دابنێ و زانست لە بیری خۆت دەربکەرە دەرەوە. ئەو کاتەی کە تۆ زانستت بەلاوەنا دانایی لە تۆدا لێوان لێو دەبێت. دانایی سروشتی زاتی تۆیە، شتێک نییە کە بتوانی لە ڕێگەی فێربوونەوە بە دەستی بێنی و شتێکیش نییە تاکو بتوانی بە دوویدا بگەڕێی، پێویستیش ناکا لە دەرەوە بۆی بگەڕێیت، لەبەرئەوەی کە لە قووڵترین بەشی ناخدا جێگیرە. تێڕامان واتە لە بیربردنەوەی زانست تا تۆ لێوان لێو بیت لە دانایی.

## به ئاگابه

تەنها شتێک کە پێویست و سەرەکییە بە ئاگا بوونە، بەڵام خەڵکی لە نێوان شتە بێسوودەکاندا خنکاون و شتە باشەکانیان لە بیرچۆتەوەو بێ ئاگا ماونەتەوە. ئامادەن ژیانی خۆیان بەو شتانە ئاڵوگۆڕ بکەن، بەم شێوەیە خەڵک بێ ڕۆح ماونەتەوە، ئەوان ڕۆحی خۆیان فرۆشتووە.

# دانیشتن لەگەڵ خود

تۆ پێویستیت بە شوێن و خۆراک و پارە و جلوبەرگە. دەبێت تۆ سەرنجی هەموو ئەم شتانە بدەیت، بەڵام نابێت ئەم شتانە ببن بە هەموو شتێکی تۆ. دەبێت کاتێکیش دابنێیت بۆ دۆزینەوەی خود، ئەمە هەر ئەو شتەیە کە من پێی دەڵێم تێڕامان، لەگەڵ خود دانیشتن، لەگەڵ خود بوون و خۆدانە دەست جیهانی دەروون. ئەم کرانەوەیە نەک تەنها تۆ بەرەو زاتی خۆت، بەڵکو بەرەو زاتی کەون دەکاتەوە، تۆ تا ئەو کاتەی کە نەزانی ژیان چییە، لە ژیانێکی بێ سووددا دەمێنیتەوە، تا ئەو کاتەی تامی ئەو نهێنییەی کە لەبەرچاودایە نەکەی (ئەم نهێنییە هەر لە پێشترەوە هەبووە، بەڵام تۆ دەبێت کەمێک بە ئاگاتر و هەستیارتر بیت لە پێشتر) ژیانت لە پوچییدا ئەمێنێتەوە. تۆ هاتوویتە دونیاوە و لە هەمان کاتدا نەهاتوویت، زیندوویت و لە هەمان کاتدا مردوویت. تۆ بەبینینی خود جارێکی تر لە دایک دەبیتەوە، یەکگرتن لەگەڵ خود یەکسانە بە دووبارە لە دایکبوونەوە، ئەمە لە دایکبوونی ڕاستەقینەی تۆیە. تۆ دووجار دێیتە دونیاوە.

# خۆت بە

تۆ دەبێت چرای ڕێگەی خۆت بیت. ئەمە لە مێشکی خۆت بکەرە دەرەوە کە دەتوانیت بە کەڵک وەرگرتن لە کتێب ڕێنمونی وەربگریت، یان ئەتوانی دانایی لە خەڵکی ترەوە وەربگریت، ئەمە یەکێک لە گەورەترین ڕێگرەکانە لە بەردەم گەڕان بە شوێن ڕۆحانییەت و مەعنەوییەتدا.

تۆ هیچ پێویستییەکت بە شتە دەرەکییەکان نییە، خودا بۆ خۆی هەموو ئەو شتانەی کە لە سەفەرەکەدا پێویستە بۆتی دابین کردووە، تەنها شتێک کە پێویستە ئەوەیە، بڕۆیتە ناو خۆت لەوێدا بگەڕێیت، چراکە لە ناخی خۆتدایە و تەنها ئەو چرایە کە دەتوانێت یارمەتیت بدات کە ڕێگەی ڕاست لە هەڵە جیا بکەیتەوە و یارمەتیت دەدات بە ڕێگەی هەڵەدا نەڕۆیت و لەگەڵ کەوتن هەنگاوەکانت هەڵبێنیت.

ئەو کەسانەی کە خۆیان هەڵدەواسن بە خەڵکی ترەوە، تەنها کاتیان بە فیڕۆ دەدەن. هەموو هەوڵی من ئەوەیە کە ڕێنمونیت بکەم نەک ئەوەی ئاڕاستە بۆ تۆ دابنێم، من تەنها دەمەوێت یارمەتی تۆ بدەم کە خۆت بیت.

# گۆڕانی بنەڕەتی

دەکرێت زانست لە دەرەوە بە دەست بهێنرێت، بەڵام دانایی پێویستی بە پاککردنەوەی دەرونییە، زانست کۆمەڵێک زانیارییە، بەڵام دانایی هێزی بینین و فامکردنە. زانست هیچ کات ناتوانێت تاک بگۆڕێت، دەتوانێت تۆ بکات بەزانستوەرێکی گەورە، بەڵام زانستوەر بوون شتێک نییە بێجگە لەوەی کە وەکو تەسجیلێک وابیت، دانشوەر تەنها شتەکان دووبارە دەکاتەوە، بەڵام کەسێکی دانا خۆی دەزانێت و بە متمانەی خۆی دەزانێت و خۆی دەبینێت، ئەو مەسیحیی نییە، مەسیحە، بودایی نییە، بودایە.

ئاگادار بە تۆ پێویستت بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە خود ئاگاییدا هەیە.

پێویستت بە خود ئاگاییەکی بە تەواوی نویێ، هۆشیارو چاودێرانەو ئەویندارانە هەیە. ئەم شتانە کە هێزی بینین بە تۆ دەبەخشن، زانیاری بە تۆ نابەخشن، بەڵکو ئەم دیوو و ئەو دیووت دەکەن. ئیشی من گۆڕانی تۆیە نەک گەیاندنی زانیاری بە تۆ.

# ئاواتەکانت دێنە دی

هەموو ئاواتەکان دەکرێت بێنەدی. کۆتایی ئاواتەکان واتە گەشتن بە دڵخوشی، شتێکی ئەوەندە نزیکە کە نەگەشتنی مرۆڤەکان بەو شتێکی نامۆ دەنوێنێ. دڵخۆشی بە تەواوەتی لەبەر دەستی تۆدایە. لەبەردەستی هەموو مرۆڤایەتیدایە، بەڵام مرۆڤایەتی بەرەو دڵخۆشی ناڕوات. ئەگەریش بڕۆن بە ڕێگەیەکی هەڵەدا دەڕۆن. کەواتە ژیانیان ناخۆش دەمێنێتەوەو ژیان بەسەر بردنیش لە مەینەتیدا زۆر ئەستەمە. دۆزەخ هەر ئەمەیە و بێجگە لەمە هیچی تر نییەو دۆزەخێکی تر بوونی نییە. دۆزەخ شوێنێکی جوگرافیایی دیاریکراو نییە حاڵەتێکە لە نائارامی دەروونیی، ئەو کاتەی کە دڵخۆشی هەیە بەهەشتیش بوونی هەیە.

# هەنگاوێک بەرەو پێش

زانست سووک و ئاسانە، تۆ دەتوانیت هەرچەندە کە بتەوێت زانست کۆ بکەیتەوە یان بە کرێی بگری لە خەڵکی تر. بەڵام دانایی زۆر بەنرخە، دەبێت نرخەکەی بە تێڕامان و هەوڵێکی زۆر و دانایی بدەیت. هیچ کەسێک ناتوانێت دانایی بە تۆ ببەخشێت، یان لە تۆی بستێنێتەوە، تەنها هەوڵی خۆتە کە دەتوانێت دانایی لە تۆدا پەرە پێ بدات.

دانایی وەکو تۆوێک وایە لە ناخی تۆدایە، بەڵام تەنها تۆوێکە، دەبێت ئەم تۆوە بچێنیت، ئاوی بدەیتێ، چاودێری بکەیت، ئاگات لێی بێت، ئەمە تێڕامانە. تۆوەکە وردە وردە گەورە دەبێت ئەو کات دەبێت بە گوڵێکی سوور و گوڵگەلێکیش لە تۆدا گەشە دەکات، کاتێک کە گوڵەکانت گەشانەوە، بۆنت بڵاودەبێتەوە و دڵخۆشییەکی زۆر گەورە لە تۆدا هەڵدەقوڵێت و هەموو کەون لە گەڵتدا دڵخۆش دەبێت، هەر کاتێک کەسێک دڵخۆش دەبێت (بوون) هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەنێت.

# گیرۆدەبوونی زهن

هەمووان گیرۆدەی زهنین، تەنها کێشەی ئێمە ئەوەیە و یەک چارەسەریشی هەیە، لە مێشکەوە دابەزەرە سەر دڵ تاکو هەموو کێشەکانت چارەسەر بن، کێشە بەهۆی زهنەوە دێتەدی.

لە ناکاودا شتەکان وەها ڕووناک دەبنەوە کە تووشی سەرسوڕمان دەبیت و دەڵێیت بۆ من پێشتر خۆم خەریک کردبوو بە سازکردنی کێشەوە. نهێنییەکان هەر دەمێنن، بەڵام کێشەکان بوونیان نامێنێت، نهێنییەکان زۆرتر دەبن و کێشەکان کەم دەبنەوە. بڕیار وەها نییە کە پەردە لەسەر هەموو نهێنییەکان هەڵبگریت، بەڵکو دەبێت لە گەڵیاندا بژیت.

# ڕووناکی هەتاهەتایی

ئێمە لە ناخماندا ئەستێرەگەلێکی زۆر جووانمان هەیە. ئێمە ئەستێرەین، بەڵام هەور و تەپو تۆزێکی زۆر دەورمانی گرتووە، بۆیە ئەگەر لە دەرەوە بڕوانین ئەستێرەیەک بەرچاومان ناکەوێت. ئامانجی تێڕامان (مدیتەیشن) ڕۆشتنە ناو ئەو تاریکییانە کە دەوری ئێمەیان چنیوە و دوای ئەوە گەشتن بە قووڵترین بەشی بوون، شوێنێک کە ڕووناکی هەتاهەتایی لەوێ ئارامی گرتووە، شوێنێک کە ڕووناکییەکی پڕ لە خۆشی و چالاکی بوونی هەیە. ئەم ڕووناکییە قووڵە هەمان خودایە.

ئەم سەفەرە قورسە، بەڵام زۆر بە پیتە. سەفەر سەرەتاکەی قورسە ئەو کاتەی کە تۆ تامی ئەو خۆشییە نەناسراوە، ئەو هەستی ڕەهابوونە بچێژی، ئەو کات سەفەر بۆ تۆ قورس نابێت. ئەو کات هەر چرکەیەک پڕ دەبێت لە جوانی. لە سەفەرەکەدا تەنانەت دەتەوێت گیانیشی بۆ بدەیت، چونکە ئەو کات دەزانی کە مەرگیش تەنانەت مەرگ نییە.

# فڕاندنی نەگبەتی

مرۆڤ سوورە لەسەر ئەوە کە لە نەگبەتیدا بمێنێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دەرکی نەکراوەتەوە، ئەگەر دەرکی بکرێتەوە، پێکەنین دەیگرێ بەوەی کە پێشتر لەگەڵ خۆی دەیکرد. مرۆڤ بە خولقاندنی نەگبەتی بۆ خۆی بە هەرشێوەیەک کە بۆی برەخسێت، بەڕاستی شاکار دەخولقێنێت. بچووکترین هەل لە کیس خۆی نادات، هەر شتێک کە بتوانێت ببێت بە هۆی نەگبەتی ئەو بە ئاسمانەوە دەیفڕێنێ. ئەم شێوازە دەبێت بگۆڕرێ، ژیان هەر دوو مەجالی لەبەردەست داناوی. ڕۆژ و شەو، گوڵ و دڕک، هەموو کاتێکیش هاوسەنگی لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە، نیو بە نیو. بەسراوەتەوە بە تۆ کامیان هەڵدەبژێریت. موعجیزە لێرەیە کە ئەگەر تۆ دڕک هەڵبژێریت تەنها دەتوانیت دڕک ببینیت و بینینی گوڵت لە دەست دەردەچێت و بچووکترین سەرنجت بۆی نابێت، ئەم ڕووداوە بۆ ئەو کەسەش ڕوو دەدات کە گوڵ هەڵدەبژێرێت، ئەو بیر لە دڕک ناکاتەوە و بەڵام دڕکیش بوونی هەیە. باشتر وایە هەردوولا پێکەوە ببینرێت.

# بوێری ئەشق

ئەشق بوێرییەکی زۆری پێویستە. لەڕاستیدا هیچ شتێک بەقەدەر ئەشق پێویستی بە بوێری نییە، چونکە مەرجی سەرەکی ئەشق نەمانی خودە، تەنها کاتێک ئەشق لە تۆدا گەشە دەکات کە ((خود))ت نەمابێ. خود وەکو زنجیرێک وایە و ئازادبوون لەو پێویستی بە بوێرییەکی زۆرە، چونکە پێتەوە نووساوە. وەها بیردەکەیتەوە کە هەموو شتێک تۆی، بۆیە هەست بە ترسێکی زۆر دەکەیت ((ئەگەر دەست لە خۆم بشۆم چیم بەسەردێت؟ دەبم بە بوونەوەرێکی بێ کەسایەتی))، بەڵێ وایە کەسایەتییە کۆنە درۆینەکەت لەدەست دەدەیت و ماوەیەک نازانیت کێیت، ئەو کات کەسایەتییە ڕاستەقینەکەت دەردەکەوێت.

لایەنگرەکانی زێن دەڵێن ((پێش ئەوەی تێڕامان بکەیت، ڕووبار ڕووبارە و شاخ شاخ، بەڵام لە نێوان تێڕامان (مدیتەیشن، موڕاقەبە) دا ئیدی شاخ، شاخ نییە و کاتێکیش کە تیڕامان کامڵ بوو، ڕووبار دووبارە دەبێتەوە بە ڕووبار و شاخیش دەبێتەوە بە شاخ)).

لە نێوان ئەم دوو کۆنەیەدا کە دەڕۆن و ئەو دوو تازەیە کە سەر هەڵدێنن، بۆشاییەک بوونی هەیە. لەم ماوەیەدا هەبوونی مورشیدێک پێویستە تاکو دەستت بگرێ و دڵگەرمت بکات کە (مەترسە، سپێدە نزیکە، سەیری پشتەوە مەکە و سەیری پێشەوە بکە..... هیچ ڕێگەیەک بۆ گەڕانەوە نییە. ژیان هیچ کاتێک بەرەو دوواوە ناگەڕێتەوەو هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕوات). بوودا دەڵێ بڕۆ و بەردەوام بڕۆ تا بە شوێنێک بگەی کە هیچ ئارەزوویەک نەمابێتەوە، ئەو چرکەیە، چرکەی سەرکەوتن، چرکەی شادومانی و ڕەها بوونە.

# دەرگای ئارامی

لە هەر دەرگایەکەوە کە دەتەوێ برۆ ژوورەوە. ئەتوانیت لە دەرگای ئارامییەوە برۆیتە ژوورەوە تاکو بگەیت بە شادومانی و ئەشق و هاودەردی و دەرک و تێگەیشتنی باڵای مرۆڤەکان و بەخشین و لەسەرخۆبوون و تەوازوع و خۆ بەزلنەزانی و میهرەبانی و متمانە و ڕاستی، وە لێوان لێو بیت لە هەموو ئەمانە. لە هەر دەرگایەکەوە کە دەتەوێ وەرە ژوورەوە کێشە نییە. دەتوانی لە دەرگای ئەشقەوە بێیتە ژوورەوە یان لە دەرگای هاودەردییەوە. هیچ جیاوازییەک نییە. مەعبەدی خودا دەرگای زۆرە، بەڵام هەموو ئەم دەرگایانە بە یەک کلیل دەکرێنەوە، ئەویش ئاگایی و تێڕامانە. مەسیح، بودا، موحەممەد، لائوتسە، زەردەشت هەموویان بە یەک شوێن گەیشتن، بەڵام لە ڕێگەی کۆمەڵە دەرگایەکی جیاوازەوە. کاتێک کە هاتنە ژوورەوە، تێگەیشتن کە هەموو دەرگاکان ڕاستن، موعجیزە لێرەیە کە هەموویان بە یەک کلیل هاتنە مەعبەدی خوداوە. دەرگاکان بە تەواوەتی جیاوازبوون و ڕێگەکەشیان جیاواز بوو بەڵام هەموو بە یەک کلیل هاتنە ژوورەوە. مەسیح چەندەها جار بە حەوارییەکانی

دەگوت ((بە ئاگا بن)). بوودا هەموو ڕۆژێک، هەموو ساتێک، بە درێژایی چل و دوو ساڵ تەنها یەک شتی فێری موریدەکانی دەکرد، ڕاست بیرکردنەوە کە هەمان ئاگاییە، کریشنا مورتیش ئەم حاڵەتەی هەر بە ئاگایی ناوبردووە. گورجیفیش بەم حاڵەتە دەڵێت ((بە ئاگابوونەوە بە خود)) کە وشەیەکی سۆفییانەیە، (کەبیر) ناوی ناوە (سمراتی)، واتە بە بیرهێنانەوە. ئەم وشە جیاوازانە هەمووی بۆ یەک کلیل بەکارهاتوون.

# جەوهەری بوون

بەخشینی ئەشق هەمان دینداریيە. بەخشینی خۆشەویستی بە کەون هەمان عیبادەتە. دەبێت گەشە بدەیت بە جۆرایەتی ئەشقەکەت و زۆرتر و زۆرتر بێ مەرج و بێ بەربەست و بێ چاوەڕوانی بێت و کورسی نەپەرستی و خۆ نەپەرستی تێیدا گەشە پێ بدەیت. کاتێک کە خۆشەویستییەکەت بە تەواوی پوخت بوو، دەگەیت بە خودا. هیچ شتێک لەوە بەرزتر نییە، دەگەیت بەو پەڕی کەماڵ. ئەشق جەوهەری بوونە، کەواتە مەجال بدە ڕێگەی تۆ ڕێگەی ئەشق بێ.

# سواڵکەری بێ ئاگا

مرۆڤی بێ ئاگا وەک سواڵکەرێک وایە. مرۆڤی بە ئاگا لە خود، گەورەترین پاشایە، چونکە تۆ کاتێک لە خود بە ئاگا بویت هەموو پاشایەتی خودا دەبێت بە هی تۆ، ئەم پاشایەتییە لە پێشترەوە بە تۆ بەخشراوە، بەڵام تۆ لە خەودایت، لە ناخی تۆدایە، بەڵام تۆ سەیری ناکەیت و چاوەکانت ورد کردۆتە سەر دەرەوە.

## بێ خۆشەویستی

خۆشەویستی تاکە وشەیە کە لەناو هەموو وشەکانی تر شایانی ئەوەیە هەتبێت. تۆ دەتوانیت خودا فەرامۆش بکەیت، بەم شتە هیچت لە کیس ناچێت، بەڵام ئەگەر خۆشەویستی نەرامۆش بکەیت، هەموو شتێک لە دەست دەدەیت، ئەگەر خۆشەویستی هەبێت خوداش هەیە، چونکە خودا بەرزترین لوتکەی خۆشەویستییە، بەڵام بەبێ خۆشەویستی تەنانەت خوداش نامومکینە. بەبێ خۆشەویستی هیچ شتێک ڕوو نادات.. نە شادومانی نە خێر، نە بەرەکەت نە ئازادی. خۆشەویستی وەک ئاوی حەیاتە و ژیانی نەمرانە بە تۆ دەبەخشێ. خۆشەویستی پردی نێوان زەمەن و نەمرییە.

# سیاسی ، لەناوبەری مرۆڤایەتی

کۆمەڵگە حەز دەکات تۆ مردوو بیت نەک ئەوەی زیندوو بیت. هەموو هەوڵی ئەوەیە کە تۆ بمرێنێت و لە هەمان کاتدا کەڵکت لێ وەردەگرێت وەک بوونەوەرێکی بەسوود. کۆمەڵگە لەم ئیشەدا سەرکەوتوو بووە و تەواوی ژیانی تۆی لەناو بردووە و بە لێهاتوویی جێگەی تۆی بە ڕۆبۆت پڕکردۆتەوە. هەموو هەوڵی کۆمەڵگە بەرهەمهێنانە، تەنانەت بە نرخی فەنابوونی ژیان. کۆمەڵگە زۆرتر حەزی لە کاڵایە تاکو بە گەشەکردن، لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگە بەردەوام خەڵکی ئامۆژگاری دەکات کە ئارام و گوێڕایەڵ بن، سەربەڕێ بن. وەها پڕوپاگەندە دەکەن بۆ ئارامی کە دەڵێی شتێکی زۆر پیرۆزە، دەڵێی بەنرخترین شتە، بەڵام تۆ تەنها کاتێک دەتوانیت بەم شێوەیە ئارام بیت کە نەزان بیت و نەتوانیت لێکی بدەیتەوە کە چ بەهایەکی گەورە بۆ ئارامییەکی وەها مردوو دەدەیت، ئارامییەک کە هیچ نرخێکی نییە. تۆ ئازادیت، زیرەکیت، شادومانیت، ئەشقیت،

بۆچی ڕۆحیەتی بەدوادا گەڕانی خۆت فیدا دەکەیت و هەموو بوونی خۆت فیدا دەکەیت.

ئەو کات تۆ دەبیت بە بەشێک کە توانای قەرەبووی هەبێ. ئەگەر ((الف)) بمرێت ((ب)) دەتوانێت شوێنەکەی بگرێتەوە. ئەگەر ((ب)) بمرێت ((ج)) یا ((د)) دەتوانێ شوێنەکەی بگرێتەوە، چونکە ئەمانە تاک نین، بەڵکو تەنها یەک ئیشکەرن.

پڕوپاگەندەکەران و پیاوانی سیاسەت، لە نێو خۆیاندا ڕێک کەوتوون کە پێکەوە مرۆڤایەتی لەناوبەرن. ژمارەیەکی کەمیش بەرامبەر ئەم پلانە هەستاون بە شۆڕش، ئەوەی کە ئەم ژمارەیە دەستیان داوەتە شۆڕش شتێکی باشە، بەڵام ئەمانیش لە کۆتاییدا تووشی زیادەڕەوی بوون. ئەمانە خودی ئارامییان بە شتێکی بێکەڵک و بێ نرخ و فێڵێکی سیاسی زانیوە و ڕێگرییان لێ کردووە. لەبەرئەوەی کە ئامادە نەبوون بڕۆنە ژێر کۆیلایەتی هیچ کەسێکەوە. ئەوان شادومانی و حەزیان هەڵبژارد. بەڵام شادومانی و حەز بەبێ ئارامیی (تا)ی بە دەمەوەیە، وروژێنەرە، هیلاککەرە و هیچ ڕازی بوونێکی تێدا نییە. ئەم شێوازە شادومانییە نەک هەر جێگرێکی باش نییە، بەڵکو شێوازێکە لە شێوازەکانی زیادەڕەوی کردن.

هەوڵی من ئەوەیە تێکەڵاوێکی باڵادەست بەدی بهێنم کە لە ناویدا ئارامیی، شادومانی وەک دوو دیوی سکەیەک وابێت، ئەو کات دیاردەیەکی لە ڕادەبەدەر جوان ڕوودەدات. تۆ شادومانیت بەڵام سوتێنەر نیت، ئارامیت بەڵام سارد نیت، ڕێک لە ناوەندا

جێگیریت، هەم گەرمیت هەم فێنک، فێنک لە بەراورد کردن بە سارددا، گەرم لە بەراورد کردن بە سوتێنەردا. بەڵام ئەم دوانە پێکەوەن. شادومانی ئارام یاخود ئارامی شادومان. ئەو کات بوونی تۆ هەموو شتێکە، ڕەگەکانت لە نێوان هەموو شتێکدایە. تێگەیشتن لەو تێگەیشتن لە بوونە، تێگەیشتن لە هەموو شتێکە.

## لە ئەشقەوە بۆ ئەشق

هەموو کاتێک ئەوەت لە یادبێت کە تۆ ئەشقیت. کۆمەڵگە تۆ فەرامۆش دەکات و بە هەموو شێوەیەک تۆ دەبەستێتەوە، تاکو ئەوەت لەبیر دەربچێت کە تۆ ئەشقیت.

لە هەر شوێنێک کە ئەشق هەبێت خوداش هەیە. ئەشق ڕەنگدانەوەی بوونی خودایە. کەواتە ئەمەت لە یادبێت، هەموو ئەو شتانەی کە کۆمەڵگە بۆ بەستنەوەی تۆی داناوە تاکو لە واقیعییەتی بوونی خۆت بە ئاگا نەبیت هەڵبووەشێنیتەوە، ئێمە لە ئەشقەوە بۆ ئەشق دروست کراوین.

# خەزێنەی بێ کۆتایی

ئێمە بێ ئاگاین لە بایەخی خۆمان. لەو خەزێنە بێ کۆتاییەی ناخمان بێ ئاگاین، لەبەرئەوەی کە لەم گەنجینەیە بێ ئاگاین، ئاوات بۆ شتە بچووکەکان دەخوازین و لەسەر شتە بێ نرخەکان شەڕ دەکەین و کێبڕکێ دەکەین. ئەو کاتەی کە تۆ لە جوانی ناخی خۆت بە ئاگا هاتیتەوە هەموو شەڕو ئاژاوەکان کۆتاییان پێدێت و ژیان ئارام و بێ دڵەڕاوکێ دەبێت. ژیان بە ڕازاوەیی خۆی دەنوێنێت. ئیدی تۆ حەزت لە شتە بێ بنەماکان نییە.

# یەکپارچەبوون

مرۆڤ تووشی سەرلێشێواوی بووە، بوونیشی تێکەڵ و پێکەڵە. لە ناخی تۆدا کەسانێک جێگیرن نەک تەنها یەک کەس. ئەمانە بە بەردەوامی لەگەڵ یەکتر شەڕ دەکەن. هەر پارچەیەک سازی خۆی دەژەنێت و هیچ دوو پارچەیەک ڕێکەوتنیان پێکەوە نییە. مرۆڤ پێویستی بە یەکپارچە بوونە، یەکپارچە بوونێک کە هەموو پارچەکان بە هاوسەنگی ڕێک بخات.

کاتێک کە تۆ گەشتیت بە یەکپارچەبوون و هەموو پارچەکانت یەکیان گرت خۆشییەکی گەورە هەڵدەقوڵێت، چونکە هەموو دژایەتییەکان لەناو دەچن.

شێوازەکانی تێڕامان بە جۆرێک ڕێکوپێک کراوە، کە بەشە ناهاوسەنگەکان پێکەوە نزیک دەکاتەوە و هاوسەنگی و ڕێککەوتن دەخولقێنێت.

# ئیکسیری ژیان

خودئاگایی هەر ئەو شتەیە کە کیمیاگەرەکان بە دوایدا گەڕاون بە درێژایی چەندەها ساڵ. هەمان ئیکسیر، هەمان جەوهەر، هەمان فۆرمۆڵی سیحر هەڵگر کە دەتوانێت یارمەتیت بدات کە نەمر بیت. لە ڕاستیدا هەمووومان نەمرین، بەڵام لە لەشێکدا دەژین کە فەنا دەبێت. وەها لە لەشمان نزیک بوینەتەوە کە لەش بە کەسایەتی خۆمان دادەنێین. هیچ بۆشاییەک لە نێوان ئێمە و لەشدا نییە تاکو ئەو بە بەشێکی جیاواز لە خۆمان بزانین، وەها لە نێو لەشدا جێگیر بووین و ڕەگمان داکوتاوە، کە هەست دەکەین خودی لەشین و بەم شێوەیە کێشەکان سەریان هەڵداوە. دەستمان داوەتە کێشەگەلێکی وەک "ترس لە مردن" پاشان لە دوای ئەم ترسە هەموو ترسەکانی تر سەریان هەڵهێناوە. خودئاگایی لە نێوان تۆ و لەشدا بۆشایی بەدی دێنێت. دەتکات بە چاودێری لەش و چاودێری زهن،

چونکە لەش و زەین دوو شتی جیا لە یەک نین. لەش و زەین کەسایەتییەکی یەک پارچەن. زەین لە نێو لەشدایە.

ئەو کات کە تۆ لە لەش و زەینی خۆت بە ئاگا بیت، بە خێرایی لەوە تێدەگەیت کە لەم دوو شتە جیایت و لە نێوان ئەوان و تۆدا بۆشایی دروست دەبێت. ئەوکات دەزانی کە تۆ نەمریت و بەشێک نیت لە زەمەن، بەڵکو بەشێکیت لە ئەبەدییەت. تێدەگەیت لەوەی هیچ لەدایکبوون و مەرگێک بۆ تۆ بوونی نییە، هەموو کات تۆ لێرە بویت و هەیت. تۆ بەهۆی زۆرینەبوونی ئاواتەکانتەوە لە لەشگەلێکی زۆر ژیانت بەسەر بردووە. هەر ئاواتێک تۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ لای لەش لەبەر ئەوەی کە بەبێ لەش هیچ ئاواتێک بەدی نایەت. ئەگەر تۆ دڵ بەستراو بیت بە خواردنەوە پێویستت بە لەشێک دەبێت بەبێ لەش ناتوانیت تام لە خواردنەکان بکەیت، ڕۆح پێویستی بە خواردن نییە. کەواتە کەسێک کە زۆر حەزی لە خواردنە ناچار بەرەو لەش دەگەڕێتەوە.

# پەیژە

حەزی جنسیی نزمترین حاڵەتی خودئاگاییە و میهرەبانی بەرزترین حاڵەت. نزمتر نابێت بەرچاو نەگیرێت، بەڵکو دەبێت بگۆڕرێت. نزمتر دەبێت وەک پەیژەیەک بەکار بهێنرێت. ئەو کەسانەی کە خۆیان بەدیندار دەزانن لە کۆنەوە بە توندی دژایەتی ئەمەیان کردووە و لە ئاکامی چەند سەدە پەروەردە و فێرکردندا کەسایەتییەکی دوو جەمسەریان بۆ مرۆڤایەتی پێکهێناوە. ئەوان مرۆڤیان دابەش کردە سەر دوو پارچە: نزمتر، باڵادەست. ئەم دوو جەمسەربوونە هۆی هەموو چارەڕەشی، ناخۆشی و دڵنیگەرانی مرۆڤەکانە. ئەگەر تۆ خۆت بە دوو بەشی جیاواز دابنێیت هەموو کاتێک دژایەتی لە تۆدا بوونی دەبێت. هەوڵدەدەیت لەگەڵ نزمتردا بەشەڕ بێیت و لە ناوی بەری، بەڵام لە ناوبردنی ئەو شتێکی نامومکینە، دەتوانیت بیگۆڕیت، بەڵام ناتوانیت لە ناوی بەریت. لە بووندا هیچ شتێک بوونی نییە کە لەناوبچێت. بەڵێ دەکرێت گۆڕانکاری بەسەر بێت. دەکرێت

ئاو بکرێ بە هەڵم یان بکرێ بە سەهۆڵ. تۆ ناتوانی ئاو لە ناوبەری. هیچ شتێک تاکو ئێستا لە ناونەچووەو هیچ شتێکی نوێش نەخولقێنراوە، تەنها تێکەڵاوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

"حەزی جنسیی" نزمترین و "میهرەبانی" باڵاترین بەشی پەیژەکەیە، بەڵام هەردووکیان لە یەک پەیژەن. ئەوەت لە بیربێت کاتێک حەزی جنسیی (شەهوەت) بوو بە خودئاگاییانە دەگۆڕێت بۆ میهرەبانی و حەزی جنسییەک کە ناخودئاگاییانە بێت پیس و ناشیرین و ئاژەڵانەیە.

تۆ تەنها بوونی خۆت خودئاگاتر بکە، تاکو بەرەو ڕۆحانییەت هەنگاو بنێیت، تاکو لە حەیوان بوون بەرەو خودا هەنگاو بنێیت. مرۆڤ پەیژەیەکە لەناو ئەم دوو هەتاهەتاییەدا.

# بەهاری بوون

ژیان لێوان لێوە لە جوانی و گەورەییەکی ئیلاهی، بەڵام لەو بێ ئاگاین. وەها لە قووڵایی خەوداین کە لەو جوانی و گەورەییە بێ ئاگاین.

ڕازاوەیی و جوانییەک کە تەواوترین، جوانترین، سەرنج ڕاکێشترین شتی گەردوونە، بەڵام ئێمە لە خەوداین هەربۆیە ناتوانین پەیوەندیمان لە گەڵیدا هەبێت. دەڵێی بەهار هاتووە، درەختەکان گوڵیان کردووە و باڵندەکان ئاواز دەچریکێنن و با لەنێوان درەختەکاندا دەکەوێتە سەما و نەخش و نیگارێکی زۆر جوان لە چواردەوری تۆدا دەخولقێنێ، بەڵام تۆ گوڵەکان و ڕەنگە دڵگیرەکانیان نابینیت. تەنانەت نازانیت کە لە باخدایت. هیچ پەیوەندییەکت لەگەڵ بەهار نییەو لەناو خۆتدا چەقیویت. لەوانەیە خەریکی بینینی خەوێکی ناخۆش بیت یان لە ترسدا

هاواربکەیت و بگریت. ئەم خەونە پەرێشانە لەگەڵ واقیعییەتی تۆدا هیچ پەیوەندییەکی نییە. ئەمە هەر ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ گرفتاری بووە، بوون هەموو کاتێک لە بەهاردایە، بەڵام مرۆڤ دەبێت بۆ بە ئاگابوونەوە لەم بەهارەو هەستکردن بە بەهار و ژیان بەسەربردن لە بەهاردا لە خەو ڕاچڵەکێت، ئەو کات کە تامی ئەو خۆشییەی کرد، دەبێت بە کەسێکی دیندار. لەبەرئەوەی کە ئەو کات لە تۆدا هەستێکی سوپاسگوزاری و شوکرانە بژێری و عیبادەتێکی گەورە دروست دەبێت.

# شادومانی

شادومانی باڵاترین لایەنی خۆشییە، یەکەمین لایەن چێژ وەرگرتنە کە حەیوانییە، دووەمین لایەن خۆشحاڵییەکی ئینسانییە، سێهەمین لایەن شادومانییەکی ئیلاهییە. مەبەست و ئامانج هەر هەمان شادومانییە لەبەرئەوەی کە تۆ تەنها لە کاتی شادومانیدا دەتوانیت بگەی بە لوتکەی بوونی خۆت و واقیعییەتی ڕاستەقینەی خۆت. مرۆڤ وەک بینایەکی سێ نهۆم وایە، نهۆمی یەکەم حەیوانییە، شتێکی باشەو هیچ عەیبێکی تێدا نییە، من دژایەتی ناکەم، بەڵام حەز دەکەم تۆ لە شتێکی باڵاتر بە ئاگا بێیتەوە، بهێڵە نهۆمی خواروو کۆڵەکەکانی بمێنێتەوە بەڵام خۆتی پێ مەبەستەرەوە و خۆتی پێ بچووک مەکەرەوە، نهۆمی دووەم ئینسانییە و نهۆمی سێهەم ئیلاهییە. تۆ بە دەرککردنی شادومانی پلەی خودایی خۆت دەناسیتەوە، دەبیت بە خودا و هەتاکو لەمە بە ئاگا نەبیتەوە و بە یادی نەهێنیتەوە، ژیانت بێ کەڵک دەمێنێتەوە و ناکامی و ناڕەزامەندییەکی قووڵت بۆ دەمێنێتەوە. تەنها کاتێک دەگەیت بە ڕەزامەندی، ئارامیی، ئاسودەیی قووڵ کە بگەیت بە بەرزترین لوتکەی خۆت.

# خودئاگا

هەموو هێزی خۆت بەکاربێنە بۆ یەک کار: ئەوەی کە چۆن بە ئاگاتر بیت. ئەگەر تۆ هەموو هێزی خۆت بەکار بێنیت تاکو خۆت بە ئاگاتر بکەیت، خودئاگایی بە ناچار سەرهەڵدێنێ و ئەمە مافی سروشتی تۆیە. بەڵام تۆ نابێت بە نیوە ناچڵی هەوڵ بدەیت، ناتوانی بە هەوڵێکی نیوە ناچڵ بگەیت بە خودئاگایی. خودئاگایی تەنها کاتێک سەرهەڵدێنێ کە تۆ بە تەواوەتی لە نێو ئەودا بیت، کاتێک کە تۆ لە هیچ شتێک چاوپۆشیت نەکردبێت و کاتێک کە هەموو تیرەکانت وەشاندبێت و کاتێک کە هیچ تیرێکت لە تەرکەکەیدا بەجێ نەهێشتبێ و ئەو کات کە تۆ لە گیانت مایەت دانابێت، خودئاگایی بەبێ چاوەڕوانی سەرهەڵدەدات. ئەم سەرهەڵدانە دەسپێکەری گۆڕانێکی گەورەیە. تۆ لە نزمترەوە بەرەو بەرزتر، لە ئەستوورو بەرچاوەوە بۆ ناسک وە لە هەست پێکراوەوە بۆ هەست پێنەکراو دەگۆڕێیت. ئەم شتە تۆ لە زهنەوە بەرەو بێ زهنی دەبات. لە بێ زهنیدا ژیان ڕێک وەکو دانایی وایە، ئیشکردن لە کاتی بێ زهنیدا، ئیشکردنە لە ڕێگەی داناییەوە،

ئەو کات ژیانی تۆ ڕازاوەیی و جوانییەکی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێت. ژیان لەم حاڵەتەدا ژیانێکی ئیلاهییەو هەر کارێک کە دەیکەیت بەجێ و ڕێکوپێکە، ناتوانی بە شێوەیەکی نابەجێیانە ئیش بکەیت، لەبەرئەوەی کە مەحاڵە کارێکی نادروست ئەنجام بدەیت، لەبەرئەوەی کە تۆ لێوان لێویت لە ئاگایی و بینین و فام کردن، سەیر کردنت بە شێوەیەک ڕوونە کە ناتوانیت کارێکی نادروست ئەنجام بدەیت، لە ڕاستیدا ئیشی دروست بۆ خۆی ئەنجام دەدرێت. هیچ پێویستییەک بە پەروەردەیەکی ئەخلاقیی تایبەت نییە، هەبوونی ئاگاهی بۆ خۆی بەسە، ئەخلاق وەک سێبەرێک بە دووی ئاگاهیدا دێت.

# خۆشاردنەوە

مرۆڤ ئارامیی خۆی لە دەستداوە بەهۆی ئەوەی کە (خود) ئاگا بووە، (خود) ئاگایی قاتڵی ئارامیی و لەسەرخۆییە، هەر بەم هۆیەیە کاتێک کە لەگەڵ دۆستێکت قسە دەکەیت ئارام و لە سەرخۆیت، بەڵام کاتێک کە لە بەرامبەر هەزاران کەسدا دەوەستیت هەموو ئارامیی خۆت لە دەست دەدەیت، دەشڵەژێیت و عەرەق دەکەیتەوەو دەست و پێکانت دەلەرزێن و هەموو شتێکت لە بیر دەچێتەوە.

دەگوترێت زهنی مرۆڤ لەو کاتەوەی کە لە دایک دەبێت، تاکو ئەو کاتەی دەمرێت لە ئیشدایە، تەنها لەو کاتانە نەبێت کە لە بەرامبەر خەڵکدا خۆت دەبینییەوە. لەم کاتانەدا زهن لە ئیش دەکەوێت لە پڕ بۆشاییەک دروست دەبێت و هەرچەند زیاتر خۆت حازر کردبێت ئەگەری دروستبوونی ئەم بۆشاییە زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی کە ئەم خۆحازرکردنە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ دەتەوێت شتێک بشاریتەوە و خۆت بە شێوەیەکی تایبەت بنوێنی.

چ شتێک دەقەومێت بەسەر ئەو ئەکتەرانەی کە دێنە سەر شانۆ؟ بۆچی ئارامیی و نەرمیی خۆیان لە دەست دەدەن؟ هەر ئەم کەسە کاتێک کە لەگەڵ دۆستێکی قسە دەکات بە نەرمیی بە متمانە بەخۆبوونەوە قسە دەکات، هیچ شتێک نەگۆڕاوە هەموو شتێک وەکو خۆی وایە. ئەو دەتوانێت بە هەمان شێوە قسە بکات، بەڵام ئێستە هەموو شتێکی لەبیرچۆتەوە و خەریکە شتانێک دەڵێت کە قەرار نییە بیڵێت، هەموو شتێک تێکچووە.

گیاندارە وەحشییەکان ئارام و لەسەرخۆن، لەبەرئەوەی کە خودئاگا نین تەواوی حەیوانەکان لەسەرخۆن، لەبەرئەوەی هیچ دەورێک نابینن تەنها ژیان دەبەنەسەر. ئەوان نیگەرانی ئەوە نین کە لە نیگاهی خەڵکی چۆن ئەنوێنن، تەنها مرۆڤە کە نیگەرانی ئەوەیە چۆن خەڵکی ئەو دەبینن و ئایا خەڵکی ئەویان پێ ڕاستە یان هەڵە. تەواوی ئەم نیگەرانییانە نەرمیی و لەسەرخۆیی ئەو لەناودەبەن. خۆشبەختی و بەختەوەری لە ئارامییدایە.

# ناسینەوەی هەموو شتێک

ناسینی خوود یەکسانە بە ناسینەوەی هەموو شتێک، ئەمە تەنها شتێکە کە من جەختی لێ دەکەمەوە. نەک باوەڕ و سلک، نەک مەرام، نەک کەنیسە و هیچ شتێکی تر.

تۆ بە سەیرکردنێکی سادەی دەروون دەگەیت بە ناسینەوەی خود. ئەو ساتە وەختەی کە زانیت تۆ کێیت بەبێ ماتڵی ناوەڕۆکی هەموو کەون و ژیانت بۆ دەردەکەوێت لەبەرئەوەی کە تۆ بەشێکیت لە بوون.

# من لەش نیم

ڕێگای سەعادەت، ڕێگای شادومانییەکی هەرە قووڵە. تۆ دەبێت بەردەوام ئەوە بێنیتەوە یادت کە (من لەش نیم)، (من زهن نیم) ، (من تەنها بینەرێکم). تاکو ئەو حاڵەتە ئارام ئەوەندە سروشتی بێتەوە، کە ئیدی پێویست بەوە نەکات کە بیهێنیتەوە یادت و وەکو ئاوێک کە وردە وردە لە ژێر زەویدا تێپەڕ دەبێت. تەنانەت لە حاڵەتی خەودا ئەوە بزانیت کە: (من لەش نیم، من زهن نیم، من شاهێدم)، وە کاتێک کە خەو دەبینیت (من شاهیدی خەوم). کاتێک کە شاهید بوون بگاتە ئەو ئاستە بەرزە لە بەردەم گۆڕانیکی گەورەدا خۆت دەبینیتەوە. ئەو کات وردە وردە ئەو کۆسپ و سنوورانە لە ناودەچن و تۆ دەبیت بە کەسێکی بێ سنوور.

# تاجەگوڵینە

ژیان دەتوانێت گوڵگەلێکی پرژ و بڵاو بێت، یان دەتوانێت بگۆڕێت بۆ تاجێک لە گوڵ، ژیانی تۆ وەک گوڵگەلێکی پرژ و بڵاو وایە، هیچ ڕێکوپێکییەکی تێدا نییە، تەنها قەرەباڵغییەکە لە (خود) ە جۆراو جۆرەکان، قەرەباڵغییەکە لە (من)ە جۆراو جۆرەکان، کە بەردەوام بە خۆ نواندن لەگەڵ یەکتر شەڕ دەکەن، تۆ بەردەوام لە شەڕێکی ناوەکیدایت و هەر خودێک بە تەمایە تۆ بەرەو لایەک ڕابکێشێ، تۆ لە ئاستی لێک پچڕاندایت، بەڵام دەتوانیت ژیانێکی زۆر جیاواز دەست پێ بکەیت. دەتوانی ئەو گوڵە پرژو بڵاوانە بە شتێک کە بتوانێت بە نێویاندا بڕوات، بەهەشتێکی ئامانجدار، یاخود بە ئاگایی، بەیەکتریان بگەیێنیت، ئەو کات ژیانت خۆش دەبێت، ئەو کات ژیانت قەرەباڵغیی نابێت، بەڵکو بەرەو یەک پارچە بوون دەڕوات، تۆ هەتا یەکپارچە و یەکرەنگ تر بیت، شادومانتر و دڵخۆش تریت. ڕێژەی شادومانی تۆ بەستراوە بە ڕێژەی یەکپارچەبوونی تۆوە. مرۆڤی پارچە پارچە هەموو کات بەدبەخت دەمێنێتەوە و مرۆڤی یەک پارچە

به شادومانی دەگات. وەک پەتێک وایە تاکو بتوانی تەواوی گوڵەکانی ژیانت لە یەکبوونێکدا بگەیەنیت بە یەک، تاکو ژیانت وەک نەوایەکی دڵنشین بێت نەک دەنگیکی گوێ ئازاردەر. ئەو کات شادومانییەکی گەورە دێتە ئاراوە.

# ڕەحمەت

شادومانی ڕووناکی لەگەڵ خۆی دێنێت. بەدبەختی تاریکە و شادومانی ڕووناک. مرۆڤی بەدبەخت تاریکی دەخاتە سەر خەڵکی تر، وەک چاڵێک دێتە ناوەوە و هێزی خەڵکی تر قووت دەدات .

بوونی ئەو کەسە خراپکەرە، بەڵام بوونی مرۆڤی شادومان دروستکەرە و ڕووناکی بەسەر کەسەکانی تردا دەبارێنێت، مرۆڤی شادومان ڕەحمەت و خێر و بەرەکەتی کەونە.

# دڵی ئارام

دڵی ئارام یەکێکە لە گەورەترین تایبەتمەندییەکانی کەسێک کە بە دووی حەقیقەتدا دەگەڕێت. تەنها کەسانێک کە خۆڕاگرن دەتوانن حەقیقەت بناسن، خودپەرەستەکان ناتوانن. (خود) واتە هەستکردن بەوەی کە تۆ لە گەردوون جیایت، بەڵام جیا نیت. ئێمە دوورگە نین، هیچ مرۆڤێک دوورگە نییە، ئێمە بەشێکین لە قارەی بێ پایانی بوون. (خود) هەستی درۆی جیابوونمان پێ دەبەخشێت و بەهۆی ئەم هەستە نارێکەوە ئێمە لە خۆماندا دەمێنینەوە. لە ڕادە بەدەر خودئاگا و خودپەرست دەبین. بەرامبەر دونیا، بەرامبەر هەتاو و مانگ، بەرامبەر با و باران داخراو دەمێنینەوە. لە چوارچێوەیەکی داخراودا دەمێنینەوە، کە جۆرێکە لە مەرگی زیندوو. گۆڕەکەمان لەگەڵ خۆمان دەبەین بۆ ئەم بەرو ئەوبەر، ئەم گۆڕە نادیارە، بەڵام گۆڕ هەر گۆڕە.

# پاشایەتی

پاشایەتی ئێمە لە ناخی خۆماندایە، لە دونیای دەرەوە ئێمە حوکمی گەدامان هەیە. هەرشتێک ئەنجام بدەین ئەم حەقیقەتە نەگۆڕە. دەتوانین پارە، هێز، شوێن و مەکانێکی زۆر بە دەست بێنین، بەڵام لە پشت هەموو ئەم دیمەنانەوە، ئەو گەدایە هەر شاراوەیە. ئەگەر سەیری قووڵایی چاوی دەوڵەمەندەکان بکەیت ئەو گەدایە دەبینیت. ئەوان شتەکان دەشارنەوە، هەوڵ دەدن بە هەر شێوەیەک بێت نەهێڵن کەس بزانێت کە ئەوان کێن و چین. خۆیان دەخەنە ناو پەردەوە و خۆ دەشارنەوە، بەڵام خۆیان دەزانن و هەموو دەزانن کە گەداکە هێشتا لەوێیە. ڕۆشتن بەرەو ناوەوە ئەو گەدایە دەکوژێت و ئەو کات تۆ دێیتە ناوچەی پاشایەتی خوداوە و بۆ یەکەمجار دەبیت بە پاشای ڕاستەقینە.

مەسیح تا کۆتایی تەمەنی باسی پاشای ناخی دەکرد، بەڵام کەس بە دروستی لەو تێنەگەیشت. ئەم شتە بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی کە ڕووناک بوونەتەوە ڕوویداوە و کەس لێیان تێنەگەیشتووە. مەسیح ئیشی بەم دونیایە و پاشایەتی ئەم دونیایە نەبوو، ئەو لەسەر شتێکی دیکە دەدوا.

پاشایەتی ڕاستەقینە لە ناخدایە و هەر لە سەرەتاوە لەوێ بووە. پێویست ناکات بیخولقێنیت، تەنها پێویستە بەبیری بێنیتەوە. هەموو ڕێگاکانی چاودێری تەنها ڕێگەیەکن بۆ بە بیر هێنانەوە.

# ڕێگر

ئێمە بچووکین لەبەرئەوەی کە بە خودەوە نووساوین. هۆی بچووکبوونەوەی ئێمە ئەوەیە. خود دەرکەوتەیەکی زۆر بچووکە و ئێمە زۆر نەزانین، لەبەرئەوەی کە هێشتا وا دەزانین ((خود)) ین و ((خود)) بەشتێکی بە بایەخ دەزانین. ((خود)) تاکە ڕێگری حازرە، تاکە هۆیە ڕێ لە گەورەیی ژیانی ئێمە دەگرێت. دیوارێکی ناسکە دەوری تۆی گرتووە، ناهێڵێت لەگەڵ گەردوون پەیوەندی دروست بکەیت. ئەو کاتەی کە وازت لە خودت هێنا هەستی یەکبوون لەگەڵ درەختەکان، مانگ، هەتاو، ئەستێرەکان و مرۆڤەکان لە تۆدا دروست دەبێت. لە پڕ هەموو دیوارەکان لە دەورو بەرت نامێنن، ئیدی تۆ دڵۆپە نیت، بەڵکو دەریایت، بازنەکان لە ناودەچن و تۆ دەبیت بە بونەوەرێکی بێ سنوور و ئەمە هەمان مەعریفەتی خودایە.

# مۆڕاڵ

..... ئەو کات تۆ دەبیت بە کەسێکی باش ڕەوشت و باش ڕەوشتیی لە ڕێگەی یەکبوونەوە دێتەدی. کەواتە ئەوەت لە بیر بێت کە سەرچاوەی ڕەوشتی ڕاستەقینە دەبێت چاودێری بێت. دەتوانی هەموو شتێک دەربارەی ڕەوشت لە یادی خۆت بەریتەوە و هەموو هێزت بۆ تیڕامان دابنێیت، تاکو ڕەوشت لەوەوە هەڵدەقوڵێت. ڕەوشت شتێک نییە کە بە دانانی دوو شت لە تەنیشتی یەکەوە دروستی بکەیت، ئەو خۆی هەڵدەقوڵێت، ئەو کات کە ڕەوشت خۆی هەڵدەقوڵێت جوان و خۆش دەبێت.

# بێ کۆتایی

ژیان لە حەقیقەتی خۆیدا بێ کوتاییە. نە بەجەستەوە بەستراوەتەوە نە بە زهنەوە. لە ڕاستیدا بە هیچ شتێک نەبەستراوەتەوە. وەکو دەریا وایە ، تەنانەت دەریاش کۆتایی پێ دێت. بەڵام ژیان بە هیچ شێوەیەک داخراو نییە، هیچ سەرەتا و کۆتاییەکی نییە. ئێمە خۆمان بە جەستە و زهن پێناسە دەکەین و ئەوەمان لە بیر چووتەوە کە حەقیقەتی ئێمە ئەوە نییە، جەستە تەنها کاروانسەرایە، ئێمە لە نێو جەستەگەلێکی زۆر ژیانمان بەسەر بردووە، تۆ تەنها ڕێبوارێکیت، خودئاگاییەکی لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە، لە زهنێکەوە بۆ زهنێکی دیکە دەگوێزرێتەوە.

ئەو ڕۆژەی کە زانیت بێ شێوەیت ڕۆژێکی زۆر گەورەیە. ڕۆژی لە ناوچوونی پەردەی نهێنییەکانە. ئیدی تۆ هەمان مرۆڤی ڕابردوو نیت، لە دوای ئەمە تۆ بەشێکیت لە خودا و خوداش بەشێکە لە تۆ.

# کەسی ڕاستەقینە

شادومانی بەبێ دانایی دەبێت، بەڵام ئەم شادومانییە ڕاستەقینە نییە، هەر ئەو شتەیە کە خەڵک پێی دەڵێن دڵخۆشی، دێت و دەڕوات، کورتخایەنە. هەمیشە تۆ لەبێ ئۆمێدیی و تەنگانەدا بەجێ دەهێڵێت، نرخەکەی زۆرە و ئەوەندەش ناهێنێ. هەروەک چۆن شادومانی بەبێ دانایی ڕوو دەدات، داناییش بەبێ شادومانی ڕوو دەدات، بەڵام ئەم داناییە ڕاستەقینە نییە، ئەو شتەیە کە بە زانست ناسراوە، شتێکە لە خەڵکانی دیکە بەکرێ گیراوە و کۆڵی کەسەکەی قورس کردووە. هەرشتێک کە هەڵقوڵاوی ئەزموونی خۆت نەبێت تۆ کۆیلە دەکات. ئەم شتانە دەتوانن نیگۆی تۆ بەهێز بکەن، بەڵام ناتوانن ((خود))ی ڕاستەقینەی خۆتت پشان بدەن. کەسی ڕاستەقینە شادومانی و دانایی پێکەوە دەدۆزێتەوە و ئەم دووانە زۆر بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە، لەبەرئەوەی کە ئەم دووانە وەک دوو باڵی پەلەوەرێک وان. چاودێری بکە تاکو لە لایەکەوە شادومان بیت و لە لایەکی دیکەشەوە دانا بیت. لە کۆتاییدا دڵخۆشی دەبێت بە دانایی و داناییش دەبێت بە دڵخۆشی.

# دڵۆپەی شەونم

مرۆڤ وەک دڵۆپەی شەونم وایە و گەردوونیش وەکو دەریا. ئێمە هەموو کاتێک هەوڵ دەدەین خۆمان لە دەریا جیا بکەینەوە. سەرچاوەی بەدبەختی ئێمە ئەوەیە، کەواتە تۆ تەنها دەبێت یەک ئیش بکەیت، بێیتەوە ناو دەریا تاکو دڵوپەکە ون بێت، لە ڕاستیدا دڵۆپەکە ون نابێت، بەڵکو تەنها سنووره بچووکەکانی لەناو دەچێت و وەکو دەریای لێ دێت. بەڵام بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە دڵوپەکە نوقم دەبێت و تۆ ناتوانیت دڵۆپەکە بدۆزیتەوە، دڵۆپەکە وەکو ڕابردوو نەماوە، بووەتە بەشێک لەو گەورەییە و هێز نییە بتوانێت بیدوزێتەوە و ناتوانرێت بدۆزرێتەوە و ئەمە ترسناکە و هەر بەم هۆیەیە کە ئێمە خۆمان لە دەریا جیا دەکەینەوە. ئەو ڕۆژەی کە تۆ لەناو دەریا نوقم ئەبیتەوە، ڕۆژیکی زۆر گەورەیە، ڕۆژێک کە تۆ لە کۆتاییدا فەنا دەبیت. ئەمە مردنی پێ ناگوترێت، بەڵکو زیندوو بوونەوەیە، زەمەن دەمرێت و ناکۆتایی لە دایک دەبێت، بچووک دەمرێت و گەورە لە دایک دەبێت، دەیهێنێت تاقی بکەیتەوە.

# تەنیابە

دانایی تەنها کاتێک دەگەشێتەوە کە بزانی چۆن تەنیا بیت، دانایی سروشتی بوونی تۆیە. ئەو کاتەی کە تۆ بە تەواوەتی تەنیایت و هەموو دونیات لەبیرچووەتەوە و ئەو کاتەی کە بە تەنها خۆتی، لە ناوەوە دڵ خۆش و ئارامیت و پێویستت بەهیچ کەس نییە، هیچ ئارەزوویەکت بۆ هیچ شتێک نییە، لە نێوان ئەو ئارامییەدا لەگەڵ خود، دانایی دەگەشێتەوە. مەبەست لە دانایی زانست نییە. دانایی واتە بینین، ڕووناکی، مەبەست لە دانایی زانیاری نییە، بەڵکو بە مانای گۆڕانکاری دێت. دانایی واتە بینینی ژیان بە شێوازێکی تەواو نوێ.

فێرببە چۆن تەنیا بیت و دەرفەت بدە تاکو دانایی لە قوڵایی وجودتەوە بێتە دەرەوە. ئەوکات دەتوانیت لە دونیادا بژیت و تەنانەت لەناو خەڵکیشدا لە خەڵوەتی خۆتدا بیت و هیچ شتێکیش ناتوانێت بێتاقەتت بکات. تۆ لەناو دونیادایت، بەڵام لە دونیادا نیت، ئیدی تۆ توانای جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە بەدەست

دێنێت، ئیدی یاسا و ڕێچکەکانی دەرەوە ناکەیتە کۆڵەکە بۆ خۆت. ئیدی ئینجیل، گیتا و ڤیدا ناکەی بە کۆڵەکەی ژیانت. تۆ کتێبی پیرۆزی خۆتت دۆزیوەتەوە دەنگی خودات لەناو دڵی خۆت بیستووە، ئیدی پێویستت بە زانیاری دەستی دوو و دەستی سێ نییە، ئێستە تۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆت لەگەڵ خودا هەیە.

# فەنابوون

وەک چۆن ڕووبارێک لە نێو دەریا فەنا دەبێت، تۆش لە نێو ئیلاهی بووندا فەنا ببە، خۆت لە گەردوون جیا مەکەرەوە و یەک بگرە لەگەڵ گەردوون و زیاتر و زیاتر بچۆرە ناوی. ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام سوورین لەسەر جیابوونمان لە دەریا و ئەمە تاقانە کاری دژە دینییە. تاقانە کاری دینی سووربوونە لە سەر یەکبوون و تۆ دەبێت ئەم کارە بکەیت بە هەوڵێکی بە ئاگایانەوە.

ئەو کاتەی کە سەیری هەڵاتنی خۆر دەکەیت، ببە بەیەک لەگەڵ هەڵاتنی خۆر، ببە بە تەماشاکەرێکی ڕاستەقینە، هەوڵ بدە تەماشا بکەیت زیاتر و زیاتر. هێدی هێدی لەم کارەدا شارەزایی بەدەست دێنێت، ئەو کات وات لێدێت کە لە ژێر دارێکدا دادەنیشیت هەست بە یەکبوون دەکەیت لەگەڵ دارەکە. ئەم ئەزموونە بچووکە لە کۆتاییدا تۆ دەگەێنێتە قۆناغی یەکبوون لەگەڵ هەموو کەوندا و تۆ دەگەیت بە مەعریفەتی خودایی.

# خۆهەڵواسین

خەڵکی خۆیان بەخەڵکی تر دەبەستنەوە، تاکو خۆت زۆرتر بە خەڵکەوە هەڵواسیت، ئەوان زۆرتر لێت دەترسن و دەیانەوێت لە تۆ هەڵبێن، لەبەرئەوەی کە هەموو کەسێک ویستی بەهێزی ئازادبوون لە ناخیدا جێگیرە. ئارەزووی ئازادی لە سەروو هەموو ئارەزووەکاندایە، کەواتە تۆ دەتوانیت تەنانەت ئەشق بکەی بە قوربانیی، بەڵام ناتوانیت ئازادی بکەیت بە قوربانیی. سروشتی کارەکان بەم شێوەیە نییە، هەر بەم هۆیەیە کە شادومانی ڕاستەقینە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە تۆ تەنیا بیت.

تەنیا بوون هونەرە و هەموو هونەری تیرامانە، تۆ بە تەواوەتی تەرکیزت لە سەر ناخی خۆتە بەبێ ئەوەی هیچ مەیلێکت بۆ کەسێکیتر هەبێت. بە جۆرێک لە ناخی خۆت ئارامت گرتووە کە پێویستت بە هیچ شتێکی تر نییە، ئەمە هەر ئەو تەنیا بوونەیە کە شادومانی هەتاهەتایی لەگەڵ خۆی دێنێت.

ئەگەر تۆ لە سەرەتادا لە ناخی خۆتدا ڕەگ دابکوتیت و پاشان پەیوەندی لەگەڵ خەڵک دروست بکەیت، ڕووداوێکی زۆر جیاواز دەخوڵقێنیت، دەتوانیت شەریکایەتی بکەیت و ئەشق ببەخشیت

و لەم ئەشقە چێژ وەربگریت، لەگەڵ ئەوەی کە ماوەکەش کورتە تۆ دەتوانیت سەما بکەیت و ئاواز بخوێنی و هەر کاتێکیش ئەم چرکەیە بڕوات، ئیدی تۆ بیری لێ ناکەیتەوە، لەبەرئەوەی کە تۆ توانای ئەوەت هەیە ئەشقێکی دیکە بخوڵقێنیت. کەواتە پێویست ناکات خۆت بە کەسەوە هەڵواسیت.

بەڵام ئەمە کاتێک دەتوانێت ڕوو بدات کە تۆ هێندێک ئامادەکاریت لە ناخدا ئەنجام دابێت، ئەگەر ئەشق هەموو ئەو شتەی ببێ کەتۆ هەتە بەبێ هیچ ئامادەکارییەک بۆ تێڕامان، ئەوا تۆ گرفتار دەبیت. هونەری تەنیا بوون و لە تەنیاییدا خۆشحاڵ و شادومان بوون فێر ببە، تاکو هەموو شتێک بێتە دی.

# من ئاسمانم

ئەگەر لە یادت بێ کە ((من خودام)) ئەوەشت لە بیرە کە ((من ئاسمانم)). تەواوی ڕووداوەکانی تر وەکو هەورگەلێکی بچووک وەهان، دێن و دەڕۆن، بەهای ئەوەیان نییە سەرنجیان بخەیتە سەر، هەڵبدە سەرنجیان نەخەیتە سەر. ئەتوانی ئەمە بکەیت بە بابەتی تێڕامانی خۆت. هەموو کاتێک ئەوەت لەبیر بێت کە تۆ ئاسمانیت، ئاسمانێکی بێ کۆتایی و هیچ هەورێک ناتوانێت شێوەی تۆ بگۆڕێت. وردە وردە هیچ هەورێک لە تۆدا دەر ناکەوێت. هیچ هەورێک بەبێ ئەوەی بانگ بکرێت نایەت. تۆ لەوانەیە ناخۆشیت داوا نەکردبێت، خۆشیت داوا کردبێت، بەڵام ناخۆشی دیوەکەی تری خۆشییە، ئەگەر یەکێکیان دەعوەت بکەیت ئەوەی تریشیان دێت، تۆ ناتوانیت ئەمانە لە یەکتر جیا بکەیتەوە، کاتێک پێکەوەن. ئەو کاتەی کە وازت لە دەعوەتکردنی ئەم میوانانە هێنا، ئۆتۆماتیکی ون دەبن. بە نزوترین کات ماوەیەک دێتە ئاراوە بەبێ هەور دەمێنیتەوە، ئەمە هەر ئەو شتەیە کە بوودا پێی دەگوت نیروانا و مەسیح پێی دەگوت پاشایەتی خودا.

# گوڵەکان بریندار مەکە

هەنگ دڵگیرۆدەی هیچ گوڵێک نابێت. لە چەندەها گوڵ نیکتار کۆدەکاتەوە، بەڵام دڵگیرۆدەی هیچیان نابێت، دەڕوات بەرەو ڕووی گوڵی سوور و گوڵی هەمیشە بەهار و گوڵی لوتوس و لە گوڵێکەوە بۆ گوڵێکی تر لە جوڵەدایە، بەڵام دڵگیرۆدەی هیچیان نابێت. شتێکی تر کە دەبێت لە بیرمان بێت ئەوەیە، ڕاستە هەنگ لە گوڵگەلێکی جیاواز نیکتار کۆدەکاتەوە، بەڵام هیچ گوڵێک لەناو نابات. هەنگ زۆر زیرەک و دانایە گوڵەکان بریندار ناکات، لە ڕاستیدا گوڵەکان کاتێک هەنگ لە سەریان دەنیشێتەوە خۆشحاڵن. هەنگ هیچ کاتێک وێرانکاریی ناکات، ئەوەی کە پێویستیەتی کۆی دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر شارەزایانە کە شێوەی گوڵەکە تێک نەدات.

بە شێوەیەک بژی کە ئازارت بۆ کەس نەبێت، دروستکەرانە بژی، هەستیارانە بژی و بە هیچ شتێکەوە پەیوەست مەبە و لە هەموو ئەزموونەکانی ژیانت چێژ وەربگرە. لە هەموو گوڵەکانی ژیانت چێژ وەربگرە، کراوە بەو لە هیچ شوێنێک مەوەستە، تاکو بگەیت بە خودا.

# زیندووی ڕاستەقینە

تێڕامان دەستپێکەری ژیانی ڕاستەقینەیە. یەکەم لە دایکبوون سەرەتای ژیان نییە، یەکەم لە دایکبوون تەنها مەجالێکە بۆ ئەوەی بژیت. یەکەم لە دایکبوون تۆ دەکات بە زیندوویەک کە خاوەنی هێزێکی شاراوەیە نەک زیندوویەکی ڕاستەقینە، ئەم هێزە شاراوەیە دەبێت ببێت بە ڕاستەقینە، پاش ئەمە تۆ ئیدی بە ڕاستی زیندوویت. تێڕامان (موراقەبە) هونەری گۆڕانی تۆیە بۆ گوڵ، لە ڕێگەی تێڕامان تۆ بۆ دووهەمین جار لە دایک دەبیتەوە.

لە یەکەمین لە دایکبووندا لەش دێتە دونیاوە لە دووهەمین لە دایکبووندا ڕۆح لە دایک دەبێت، هەرکاتێک بە ئاگا هاتیتەوە کە تۆ ڕۆحیت، ژیانت بە بەرەکەت و موبارەک دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە پوچییدا دەمێنیتەوە و تۆوەکە هەر تۆو دەمێنێتەوە و هیچ کەسێک لە ژێر سێبەرەکەیدا ناحەسێتەوە و هیچ پەلەوەرێک لەسەری نانیشێتەوە و هیچ شەماڵێک بە دەوریدا سەما ناکات، هیچ قسەیەک لە نێوان هەورەکان، هەتاو، ئەستێرەکان ڕوو نادات. تۆوەکە ناتوانێت لەگەڵ گەردوون

پەیوەندی دروست بکات لەبەرئەوەی کە لەناو خۆیدا ماوەتەوە نەکراوەتەوە.

تێڕامان کراوە دەتهێڵێتەوە. تێڕامان هیچ نییە بێجگە لە کرانەوەی هەموو لایەنەکانی تۆ بەرەو ئەو شتەی کە هەیە. بەرەو جووانی بوون، بەرەو ئاوازی شەماڵ، بەرەو ڕەهابوونی هەور، بەرەو تەواوی نهێنییەکانی دەورو بەری تۆ و بەرەو تەواوی ئەو شتە کە لە دەرەوە و لە ناوەوەی تۆدا بوونی هەیە.

# بەدبەختی

بەدبەختی لە پەیوەستبوونەوە هەڵدەقوڵێت. ئێمە پەیوەستین بە کەسەکانەوە و بە شت و شوێنەکانەوە. دیلی پەیوەست بوونین بە هەموو شتێکەوە و پەیوەستبوون بەدبەختی لەگەڵ خۆی دێنێت. لەبەرئەوەی کە ژیان بە شێوەیەکی بەردەوام لە گۆڕاندایە، ژیان لە جوولەیەکی بەردەوامدایە و هیچکات کات لە جووڵە ناوەستێتەوە، تەنانەت بۆ چەند چرکەیەکی کەمیش.

ئەو کاتەی کە خۆر هەڵدێت چێژی لێ وەریگرە، بەڵام پەیوەست مەبە پێوەی، لەبەرئەوەی کە ئەم وێنەیە بە زووترین کات دەڕوات و نامێنێت و خەریکە ون دەبێت، هەر ئەو چرکەیەی کە سەیری دەکەیت خەریکە ون دەبێت، بە زووترین کات شەو دێت، بەڵام تۆ نابێت دڵنیگەران بیت، لەبەرئەوەی کە شەویش جوانی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەستێرەکان لە ئاسمان دەردەکەون. مرۆڤ ئەوەندە بێ ئەقڵە هەوڵ دەدات پەیوەست بێت بە جوانی هەڵهاتنی خۆر و حەز ئەکات بۆ هەمیشە نەگۆڕ بمێنێتەوە. ئەم بێ عەقلانە نازانن بەدووی چیدا دەگەڕێن، بۆ

هەڵاتنی خۆر فرمێسک دەڕێژن، لەبەرئەوەی چیدی نەماوە و لە کاتی گریانەکەدا ئەو ئەستێرە تازانەی کە خەریکە هەڵدێن لە دەست خۆیانی دەدەن.

مرۆڤی بێ عەقڵ هەموو شتێک لەدەست دەدات. مرۆڤی دانا لە هەموو شتێک چێژ وەردەگرێت. لە ڕۆژ و لە شەو چێژ وەردەگرێت، لە هاوین و لە زستان، لە ژیان و لە مەرگ چێژ وەردەگرێت، مرۆڤی دانا پەیوەست نییە و لە نێوان ڕەهابوون و پەیوەست بووندا خۆشییەکی سەیر و سەمەرە بوونی هەیە.

## سەلماندنی بوونی خودا

مرۆڤ بە شێوەیەکی زۆر زەق لەگەڵ ڕق و بەخیلیی دەژی. تۆ دەبێت ئەم شتە زەقانە بکەیتە دەرەوە. لەبەرئەوەی کە ئەم شتانە وزەیەکی زۆر خەسار دەکەن، دەبێت تەواوی ئەم وزانە بگۆڕێت بە ئاواز و گۆرانی و شادومانی و ئەشق و دۆستی و ئارامی، ئەو کات ژیان دەبێت بە شیعر، ئەو کات بوونی تۆ دەبێت بە سەرمەستی و خۆشی. یەک هەناسە هەڵمژین بەسە بۆ ئەوەی بوونی خودا بسەلمێنیت، لەبەرئەوەی هەر هەناسەیەک لەگەڵ خۆی خۆشی و سەرمەستی دێنێت، ژیانت بە شێوەیەک پڕ دەبێت لە ئاوازو سەما کە تۆ ناتوانیت بڕوای پێ بکەیت. تەنها زەمانێک دەتوانیت باوەڕی پێ بکەیت کە ئەزموونت کردبێت.

# باڵەکانمان

ئێمە خاوەنی باڵگەلێکین، بەڵام تاکو ئێستا کەڵکمان لێ وەرنەگرتوون، ئێمە ئەوانمان فەرامۆش کردووە، لەبەرئەوەی کە بەکارمان نەهێناون. باڵە بچووکەکان بچووک نین دەتوانن هەموو ئاسمان داپۆشن و هێز و توانایان بێ کۆتایی و هەتاهەتایییە. هیچ شتێک بە ئەندازەی پەلەوەرێک کە لە ئاسمان باڵی کردبێتەوە جوان نییە، پەلەوەرێک کە هەموو ئاسمانی لە ژێر باڵە بچووکەکانی گرتۆتە بەر و دەفڕێ بەرەو بێکۆتایی.

باڵدارێک کە هەمیشە لە نەناسراوەوە بەرەو نەناسراو هەنگاو دەنێت و هیچ کات لە نەناسراو ناترسێت لە ڕاستیدا ئەو هەمیشە خولیای نەناسراوە.

مرۆڤی زیرەک خولیای ئەزمونی نوێ و بینینی نوێیە، ئەمە هەمان باڵدارە کە باڵەکانی کردۆتەوە. هەموو ئاسمان کراوەیە و ئازادییش تەنها شتێکە کە شیاوی هەوڵدان و ماندووبوونە بۆ بەدەستهێنان. ئەو کاتەی کە گەشتی بە ئازادی، هەموو شتێک دەستەبەرە و بەبێ ئازادی هیچ شتێک دەستەبەر نابێت.

# دۆزینەوەی ڕەگ

کێشەی سەرەکی (خود)ە. کێشەیەک کە هەزار و یەک کێشەی دیکە لەگەڵ خۆی دێنێت، زۆر ویستن دەخولقێنێت، توڕەیی، شەهوەت، بەخیلیی و هەزاران کێشەی دیکە دەخولقێنێت.

خەڵکی بەردەوام خەریکی شەڕن لەگەڵ تەماع، توڕەیی، بەخیلیی، بەڵام ئەم کارە بێهودەیە. تاکو لە ڕەگەوە کێشەکە چارەسەر نەکرێت لقی تر هەڵدەداتەوە، تۆ دەتوانی لق و پۆپەکان داپاچی، بەڵام ئەم ئیشە یارمەتیت نادات، لە ڕاستیدا داپاچینی لق و پۆپەکان، دارەکە بەهێزتر دەکات. لەگەڵ هێما و نیشارەتەکاندا شەڕ مەکە، ڕەگەکە بدۆزەرەوە، ڕەگی سەرەکی تەنها (خود)ە. ئەگەر بتوانیت بەبێ (خود)بیت، ئەگەر (هیچ شتێک) بیت ئەگەر بەو شێوەیە بیت کە وابزانی بوونت نییە، ئەوکات دەگەیت بە مەنزڵ و هیچ ئامانجێک لەوە گەورەتر نییە، بەڵام دەتوانی زۆر بە ئاسانی بە دەستی بێنی لەبەر ئەوەی کە (خود) شتێکی درۆییە. هەر بەم هۆیە دەتوانی دەستی لێ بشۆیت. (خود) بوونی نییە، تەنها خەیاڵێکە، سێبەرێکە،

ئەگەر تۆ بڕوات بە خود هەبێت ئەویش دەبێت. ئەگەر بڕۆیتە قووڵایی خۆتەوە و سەیر بکەی ناتوانیت بیبینیت و بیدۆزیتەوە، تێڕامان واتە ڕۆشتنە ناو قوڵایی وجود و گەڕان بە شوێن خود، تاکو ئەو کاتەی کە خود لە هیچ شوێنێک نەدۆزیتەوە، کاتێک کە نەدۆزرایەوە ئەو دەمرێت و تۆ لە دایک دەبیتەوە.

# کێ ئازادە

بۆ ئەوەی بە تەواوی ئازاد بیت، دەبێت بە تەواوەتی بە ئاگا بیت، لەبەرئەوەی دیلبوونی ئێمە لە نائاگاییدا ڕەگی داکوتاوە. دیلبوون لە دەرەوە بوونی نییە، کەس ناتوانێت تۆ دیل بکات مەگەر ئەوەی کە خۆت بتەوێت. حەزی خۆتە کە دەبێت بەهۆی دیلبوونی تۆ، حەزی تۆ بۆ پەیوەستبوون و حەزی تۆ بۆ هەڵهاتن لە ئەرکی خۆت.

ئەگەر ئەرکی خۆت بزانیت و ئەوەش بزانیت کە دڕک بەبێ گوڵ نابێت و شیرینیش بەبێ تاڵیی نابێت و شیرین هەموو کات بەهۆی تاڵەوە هاوسەنگ دەبێت و گوڵ بەهۆی دڕکەوە هاوسەنگ دەبێت، ڕۆژ بە شەو، هاوین بە زستان، ئەو کات ژیان لە حاڵەتێکی هاوسەنگ لە نێوان دوو جەمسەردا هاتووچۆ دەکات. ئەو کەسەی کە حازرە ئەرکەکەی خۆی بە هەموو جوانییەکان و تاڵییەکان و شادییەکان و خەمەکانی بەڕێوە ببات ئەو کەسە ئازاد دەبێت.

تەنها ئەم کەسە دەتوانێت ئازاد بێت، ئەرکی خۆت بە هەموو جوانیی و تاڵییەوە بەڕێوە بەریت، لەم حاڵەتەدایە کە تۆ دەگەیت بە لوتکە و ئازاد دەبیت. ئازادی واتە سەرکەوتن، واتە ڕۆشتن بۆ ئەو دیوی دوانییەتی، ئەو کات تۆ نە شادیت نە غەمگین، تەنها سەیرکەرێکی بەسەر ئەو شتانەدا کە بەسەر تۆدا تێپەڕ دەبێت.

# بوون یان نەبوون

نەبوون تەنها ڕێگەی بوونی ڕاستەقینەیە، هەر بەم هۆیە ناتوانم هاودەنگ بم لەگەڵ ئەو وتەی شکسپیر کە دەڵێت ((بوون یان نەبوون کێشە ئەمەیە)). کێشەکە بە هیچ شێوەیەک بوون یان نەبوون نییە، لەبەرئەوەی کە نەبوون تەنها ڕێگەی بوونە. ئەو کاتەی کە خودت نامێنێت ئەزموونی دەریابوون و ئەزمونی شادومانی و خۆشییەکی بێکۆتایی دەکەیت. بەڵام ئێمە خۆمان بە تەواوەتی بەستووەتەوە بە زهنەوە کە شتێکی زۆر بچووکە و کۆمپیوتەرێکی زیندوو زیاتر هیچ نییە.

جەستە هێلانەیەکی بچووکە تێیدا بژی و پاک و جووان ڕایبگرە و لە کۆمپیوتەرە زیندووەکەت کەڵک وەربگرە و ئاگات لێ بێت وەک چۆن ئاگات لە ئامێرێکی دیکەیە. بەڵام خۆت بەم شتانە پێناسە مەکە لەبەرئەوەی وەکو ئەوە وایە شۆفێرێک خۆی بە سەیارەکەی پێناسە بکات، لە ڕاستیدا ئەو لە نێو سەیارەکەدایە و ئەو سەیارە نییە، ئەمە هەر هەمان حاڵەتە کە ئێمە پێوەی گرفتارین (من جەستەم، من زهنم، من مەسیحیم، من هیندۆسیم، من ڕەشم، من سپیم، من ئەمەم من ئەوەم ......)

ئەمانە هیچ نین جگە لە پێناسەدانان بۆ خود. چاودێری واتە بێ پێناسە بوون، واتە ئەوەی لەبیربێت من تەنها (ئاگاییم)، تەنها (بینەرێکم) (هوشیارییم). ئەمانی (خود) گەورەترین گۆڕانکارییە کە دەتوانێت ڕوویدات، تۆ لەپڕ لە دونیایەکی ناحەز و ناشرین دێیتە دونایەکی گەورە و جوانەوە، لە زەمەنەوە بۆ ئەبەدیەت، لە مەرگەوە بەرەو نەمریی دەڕۆیت.

# فێربوونی فێربوون

ئەوەی کە بەڕاستی بە دووی حەقیقەتدا دەگەڕێت، بە شوێن زانستەوە نییە، بەڵکو بە شوێن داناییەوەیە، دەیەوێت خودی چۆنییەتی فێربوون، فێرببێت. ئەو کەسە حەزی لە ئامانج و دەسکەوت نییە، بەڵکو زیاتر حەزی لە خودی سەفەرەکەیە. بەڕاستی سەفەر جووانە، هەر چرکەیەکی پڕە لە خۆشی، کێ حەزی لە کۆتایی و ئامانجی سەفەر بێت؟

کۆتایی سەفەر و ئامانج دروستکراوی زهنی تەمەڵە تاکو بتوانێت بحەسێتەوە. کاتێک کە گەشتیت بە شوێنی مەبەست، ئیدی هەموو شتێک تەواو دەبێت، ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە خێرایی بگەن بە شوێنی مەبەست بە دووی ڕێگەیەکی کورت و خێرادا دەگەڕێن و دەڵێن بۆ دەبێت ڕێگەیەکی دوور و درێژ ببڕین. مرۆڤی تەمەڵ ناتوانێت گەڕۆکێکی ڕاستەقینە بێت، گەڕۆکی ڕاستەقینە هیچ حەز و ئارەزوو و مەبەستێکی نییە، بەڵکو ئەو شەیدای ئەم چرکەیەیە، شەیدای ئێستا و ئێرەیە و هەموو بوونی ئاوێتەی ژیانە.

ئەوکاتەی ئاگایی تۆ گەشە دەکات، دەکرێیتەوە بەرەو ڕووی هەموو ئەو شتانەی کە لە دەور و بەرتدا بوونیان هەیە و ڕوو دەدەن. هەموو دەرگا و پەنجەرەکانت دەکرێنەوە و بوون دێتە ناو تۆوە. ئەو کات کە بەئاگا و بە ئاگاتر دەبیتەوە زۆر هەستیار دەبیت.

لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانست تۆ هەر ئەو کەسە کۆنە دەبیت کە تۆڕێکی زانستی دیکەی کۆ کردووەتەوە، بەڵام تازە نابیتەوە، لەبەرئەوەی تۆ هەمان مرۆڤی ڕابردوویت بە کۆکراوەی تازەوە و هیچی تر. تۆ لە ڕێگەی ئاگاییەوە تازە دەبیتەوە و بەم شێوەیەیە فێردەبیت چۆن هەر چرکەیەکی خۆت تازەتر بکەیت، بۆ ئەوەی هیچ کات کۆن و بۆگەن نەمێنیتەوە.

# ژیان وەک گەدا

یەکێک لە گەورەترین نهێنییەکانی ژیان ئەوەیە کە ئێمە بە شادومانییەکی زۆر دێینە دونیاوە، بەڵام وەک گەدا دەژین. لەبەرئەوەی هیچ کات سەیری ناوەوە ناکەین، بە شێوەیەک بوونی خۆمان دەسەلمێنین دەڵێی هەموو شتێک لە بارەی ناوەوە دەزانین. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە زور هەڵەیە، بەڵام لە هەموو دونیا باوە. ئێمە حازرین بۆ بەدەستهێنانی شادومانی بڕۆین بۆ مانگ، بەڵام ئامادەنین بڕۆینە ناو ناخی خۆمان. بەبێ ئەوەی بڕۆینە ناو ناخی خۆمان، وا دەزانین هەموو شتێک دەزانین و خۆمان بە باشی دەناسین. ئێمە بە هیچ شێوەیەک خۆمان ناناسین. سوقرات ڕاست دەکات کە دەڵێت (خۆت بناسە). گیراوەی دانایی هەموو دانایان لەم دوو وشەدا شاراوەیە. لەبەرئەوەی تۆ بە ناسینی خۆت هەموو شتێک دەناسی و دەگەیت بە هەموو شتێک و نهێنی هەموو شتێکت بۆ دەردەکەوێت.

# شادومانی بێ ئاگا

درەختەکان، پەلەوەرەکان، ئاژەڵەکان بە هەموویانەوە، لەگەڵ بوون یەکیان گرتووە، بەڵام بەبێ ئەوەی خۆیان بە ئاگابن بەم شتە، ئەوان شادومانن، بەڵام شادومانی ناناسن و شادومانییەکیش کە ئاگایی لەگەڵدا نەبێت، بایەخێکی وەهای نییە. لەوانەیە تۆ خەزێنەیەکت هەبێت، بەڵام ئەگەر لێی بێ ئاگابیت هەبوونی ئەم خەزێنەیە چ کەڵکێکی هەیە بۆ تۆ. دەنگی پەلەوەرێک لە دوورەوە بۆ ئێمە خۆشە، بەڵام بۆ خودی پەلەوەرەکە وانییە، پەلەوەر نازانێت گۆرانی چییە، ئاواز و گۆرانی و شیعر چییە، ئەو بێ ئاگایە. شادومان بەڵام بێ ئاگا.

مرۆڤ بە ئاگایە، بەڵام بەدبەختە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەدبەختییەکەی ڕزگاری بێت، دەبێت کەمێک ئاگاییەکەی زیاتر بکات و بگاتەوە بەو یەکبوونەی دووبارە، من ئەم یەکبوونە دەناسم، درەختەکان و پەلەوەرە دەنگ خۆشەکان و ئاژەڵەکان لە یەکبووندا خنکاون. مرۆڤ دەبێت ئەم یەکبوونە جارێکی

تر بدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی کە ئەو ئەم پەیوەندییەی پچڕاوە. هەموو شتێک پەیوەندی بە ئێمە و بەو شتەی کە لەبارەی بەدختی خۆمانەوە ئەنجامی دەدەین هەیە. ئێمە دەتوانین گڕی بەدبەختییەکانمان زیاتر و زیاتر بکەین و دۆزەخێکی گەرمتر بۆ خۆمان بخولقێنین، یان دەتوانین گڕی بەدبەختییەکانمان خامۆش بکەین و هەنگاو بەرەو بوون هەڵبنێین، تاکو هەنگاوی کۆتایی بەرەو یەکبوون هەڵبێنین و (خود)مان لە نێوان دەریای بووندا بتوێنینەوە، تا شادومانی هەڵقوڵێت. کاتێک کە مرۆڤ شادومان بێت ئەم شادومانییە زۆر بەنرخە. پەلەوەری دەنگخۆش زۆر شادومانە، بەڵام شادومانییەکەی نرخی نییە.

خۆتەرخان کردن بۆ خودا، واتە حازربوون بۆ یەکگرتن لەگەڵ بوون و فەنا بوون لەناو ئەودا، ئەو کات ئیدی شادومانی بە پێی خۆی دێت.

# ئایا خەڵکیی دۆزەخن؟

ژان پۆل سارتەر ڕستەیەکی زۆر بەناوبانگی هەیە: (خەڵکیی دوزەخن). ئەم ئایدیایە باوەڕ پێکراوە لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە، بێجگە لە چەند بودایەک نەبێت. من ناتوانم لەگەڵ سارتەر هاودەنگ بم تەنانەت ئەگەر بە ملیۆنەها خەڵک ئەم شتەیان پێ ڕاست بێت، ئەم ڕستەیە ڕاست نییە و بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە، تەنانەت ناتوانیت کەمێکیش ڕاستی تێیدا بدۆزیتەوە.

تۆیت کە دەتوانیت بەهەشت بیت یان دۆزەخ. هەموو کاتێک تۆیت و بڕیار بڕیاری تۆیە. بەهەشت لە شوێنێکی تایبەتدا نییە، تۆ خۆت بەهەشتت خوڵقاندووە وەک چۆن دۆزەخت خوڵقاندووە، حاڵەتێکی دەروونییە و هیچی تر.

ئەو کاتەی تێگەیشتیت خوڵقێنەر تۆیت، بە تەواوەتی ئازاد و ڕەها دەبیت، ئەگەر خەڵکی تر لە نێواندا بێت تۆ ئازاد نبت و هەموو کات لە بەندا دەمێنیتەوە. چونکە کاتێک خەڵکی دەتوانن شادومانی یا بەدبەختی بۆ تۆ بخوڵقێنن، لە هەردوو حاڵەتدا پەیوەست دەبیت بە خەڵکی ترەوە و کەسیش حەز بە پەیوەستبوون ناکات.

# توانەوە لە گەردووندا

ئەگەر ئامادەبیت لەناو گەردووندا بتوێیتەوە، دەرەنجامێکی شادومانانەت دەبێت و ئەگەریش لە بەرامبەر ئەم دیاردەیەدا بەرگری بنوێنی و ئەگەر هەوڵبدەی دووبارە جیاواز بنوێنی (ئەمە ئەو شتەیە کە خەڵکی هەموو خەریکیەتی) هەوڵ بۆ ئەوەی (خود)ێکی جیابیت و هەوڵ بۆ پارێزگاری لەخود. هەمووان خەریکی پەرژین کێشانن بە دەوری (خود)دا لە بەرامبەر گەردووندا. هەمووان لە گەردوون دەترسن، لەبەرئەوەی کە بێ سنوورە و لە هەموو دیوێکەوە ئێمەی داگیر کردووە و ئێمەش هەر خەریکی دیوار هەڵچنینین بەدەوری خۆماندا، شورای چین بە دەوری خۆماندا هەڵدەچنین تا پارێزگاری لە خودمان بکەین، گەردوون وەکو لافاو ئێمە داگیر دەکات و لەگەڵ خۆی دەمانبات. هەر بۆیە ئێمە دیواری چین بە دەوری خۆماندا هەڵدەچنین بۆ ئەوەی بچووک بمێنینەوە. ئێمە جیانین لە گەردوون، هیچ مرۆڤێک دوورگە نییە، ئێمە بەشێکین لە کیشوەر، کەواتە شەڕکردن لەگەڵ کیشوەر بێسوودە. لەناو گەردووندا بتوێرەوە

و دەست لە (خود) بشۆ و ئەوە فەرامۆش کە کە تۆ جیایت و خۆت بە بەشێک لە گەردوون بزانە، تاکو بزانیت چەند شیرین و چەند جوان و چەند دڵگیرە و هەر چرکەیەکی چەند خێر و بەرەکەتی تێدایە.

# چاولێکەری

مرۆڤ ژیانێکی نائاگایانە بەسەردەبات و خەریکی شتانێکە کە خەڵکیی ئەنجامی دەدەن. هەموو کاتێک چاولێکەری دەکات و دەکەوێتە شوێن خەڵکیی. ئەو نازانێت بۆ ئەم شتانە دەکات، تەنانەت نازانێ خۆی کێیە. مرۆڤێک کە خۆی ناناسێت و نازانێت لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەڕوات و بۆ چ شتێک هاتووە، لەمە زیاتر چ چاوەڕوانییەکی لێ دەکرێ؟

ئەمانە کێشەگەلێکی سەرەکین کە تەنها بە تێڕامان (چاودێری) دەکرێت چارەسەر بکرێن. هیچ فەلسەفەیەک ناتوانێت ئەم کێشانەت بۆ چارەسەر بکات، فەیلەسووفەکان وەڵامگەلێکی زۆریان لایە، بەڵام ئەمانە هەمووی تیۆرییە و ئەگەر بە وردی لە قسەکانیان وردبیتەوە هەڵەی زۆر گەورەیان لێ دەبینییەوە.

تێڕامان بوون دەگرێتەبەر نەک فەلسەفە. یارمەتیت دەدات ئەوەندە بە ئاگابێیتەوە کە لەگەڵ خۆت ڕووبەڕوو بیتەوە. حەقیقەت بینینە نەوەک دەرکەوتەی بیرکردنەوە.

# تۆ دوورگە نیت

مرۆڤ بەوە تاوانبارە کە لە بەدبەختیدا بژی لەبەرئەوەی کە بیرو ڕای ئەو لەسەر بنەمای جیابوونەوە بونیات نراوە. ئەوەت لەبیر نەچێتەوە کە هیچ مرۆڤێک دوورگە نییە. خۆجیاکردنەوە لە بوون تاقانە بیرۆکەی پووچە و هەموو بیرۆکە پووچەکانیش لەوەوە سەرهەڵدەدەن. ئێمە بەشێکین لەو کیشوەرە گەورەیە و دوورگە نین. بە یادهێنانەوەی ئەم حەقیقەتە تەنها ڕێگەی گۆڕانێکی سەرەکییە.

ژیان بەسەربردن بەم بیرۆکە بەتاڵەیە کێشە لەگەڵ خۆی دێنێت، کێشەگەلێک کە وردە وردە کۆدەبنەوە، تاوەکو لە سەرەتاوە بینینی خۆمان نەگۆڕین، ناتوانین ئەم کێشانە چارەسەر بکەین، گۆڕانێکی بنەڕەتی پێویستە نەوەک گۆڕانکارییەکی کەم و ئەم گۆڕانکارییە قووڵە کاتێت ڕوو دەدات کە کەسایەتی خۆمان لە نێوانی بەحری ئیلاهیدا نوقم بکەین.

شتێک لەدەست نادەین بەڵکو شتانێکیش بە دەست دێنین. تەنها چوارچێوە و سنوورە بچووکەکانمان لە دەست دەدەین

و دەبین بە ناکۆتایی و فراوان دەبین. کاتێک یەکەم هەنگاو لە ئەشکەوتی تاریکی (خود) بەرەو ئاسمانی بێکۆتایی لە ژێر ئەستێرەکاندا هەڵدەنێیت.... لە پڕ باڵت لێ دەڕوێت. تۆ لە پێشترەوە ئەم باڵانەت هەبووە، بەڵام شوێنی گونجاوت بۆ بەکارهێنانیان نەبووە. تەنها دەبێت (خود)ە درۆییەکەت وەلاوە بنێیت.

# دڵی بێگەرد

دڵی پاک و بێگەرد پێویستییەکی سەرەکییە بۆ دەرکەوتنی شادومانی، بەڵام مەبەستی من لە پاکی و بێگەردی شتێک نییە کە خۆی لە چوارچێوەی ڕەوشتدا ببینێتەوە، بەڵکو مەبەستم سادەیی دڵە. کەسێک کە سەرنجی لەسەر ڕەوشتە، ناتوانێت سادە و بێگەرد بێت، زۆر لە شت ئەکۆڵێتەوە و تەنانەت لەگەڵ خوداش مەعامەلە دەکات، ئیشی باش ئەکات لەبەرئەوەی بەهەشت و خۆشییەکانی بکڕێت، ئەو وەکو دەڵاڵێک وایە ڕەوشتەکەی ڕەگی لە حساباتەکەیدا داکوتیوە. ئەو پاک و بێگەرد نییە، هیچ شوێنکەوتوویەکی ڕەوشت تاکو ئێستە پاک نەبووە. جار جاریش ڕوو دەدات کە مرۆڤێکی بێ ڕەوشت لە مرۆڤە بەناو بەڕەوشتەکە پاکترو بێگەردترە. مرۆڤی بێ ڕەوشت تەنها لەبەرئەوەی لە شت زۆر ناکۆڵێتەوە لۆمە دەکرێ. ئەو تەنها خەریکی ژیانی خۆیەتی، گوێ بەوە نادات کە چی دێتە سەر ڕێگای، لەوانەیە ئەو مرۆڤێکی سادە بێت، بەڵام هیچ مرۆڤێکی شوێن ڕەوشت کەوتوو سادە نییە، بەڵکو زۆر ئاڵۆزە. پیاوە

پیرۆزەکان فێڵبازترینی مرۆڤەکانن. تۆ ناتوانی ئەو سادەبوونەی کە لە منداڵێکدا هەیە لەواندا ببینی. منداڵ نە دەزانێت چاکە چییە و نە دەزانێ خراپە چییە و ئەمەش نیشانەی پاکی ئەوە. ڕۆشتنە سەرەوەی چاک و خراپ و دووانییەتی، پاکیی و بێگەردییە.

شوێنکەوتووانی ڕەوشت، هەڵدەبژێرن، بەڵام دڵی پاک بەبێ هیچ هەڵبژاردنێک بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەسەر دەبات. بە شێوەیەکی ئاگایانە، بەڵام بەبێ هیچ هەڵبژاردنێک. لەبەردەستی بارودۆخی حازرەو لێپرسراو وەڵامدەرەوەیە، بەڵام نەک لەسەر حسابی وردبوونەوە لە شتەکان. ئەمە ئەو شێوازە ژیانەیە کە لێوان لێوە لە شادومانی.

# تەسلیم بوون

موراقەبە (تێرامان) ڕێگەیەکە بۆ تەسلیم بوون و دانانی (خود). تێرامان واتە خۆدانە دەست. ئێمە بە (خود)ەو دەنوسێین، هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین کە پێمانەوە بمێنێت. تێرامان واتە دەست شتن لە (خود) و بە تەواوەتی وازهێنانە لێی. ئەوکات ئیدی حەزمان لەوە نامێنێت کە پێوەی بنوسێین، لەبەر ئەوەی کە درۆ بوونی ئەومان بۆ دەردەکەوێت.

بینینی (خود) یارمەتی تۆ ئەدات بۆ ئەوەی کە ئازادی بکەیت، بە بینینی ئەو هەموو بەدبەختییەی کە (خود) دروستی دەکات، ئەو ئازاد دەکەیت و بەبێ ماتڵی گۆڕانکاری لە تۆدا ڕوودەدات. هەر کاتێک بەتاڵ بیتەوە لە خود، وزەیەک لە سەرەوە دێت و دەروونی تۆ پڕ دەکات. ئەم هێزشی وزەیە لە سەرەوە هەمان خودایە و تێرامان ڕێگە بۆ ئەم کارە ئاسان دەکات. بەڵام ئێمە بە شێوەیەک پڕین لە (خود) کە جێگەیەکی بەتاڵمان لە خۆماندا نەهێشتۆتەوە .

دەبێت خۆمان بە تەواوەتی بەتاڵ بکەینەوە، ئەم ئیشەش

دەبێت بە دڵ و بە گیان بکەین، نابێت بەنیوە ناچڵی بە نابەدڵی ئەنجامی بدەین. ئەگەر بچووکترین نیشانەی (خود) مابێت ئەمە بەسە بۆ ئەوەی تۆ دووربخاتەوە لە باڵادەست. (خود) دەبێت بە تەواوەتی بەلاوە بنرێت، دەبێت بەتاڵی بەتاڵ بیت، هیچ شتێک نابێت ڕێگر بێت لەوەی کە میوان بێت تاکو ئەو بەتاڵاییە پڕبێت لە خودا. هیچ ڕێگەیەکی تر جگە لەمە نییە بۆ ناسینی خودا.

# خودای ناو شەیتان

تۆ کاتێک پاک و بێگەردیت کە لە ئاگایی تەواودا بژیت، نە چاک بۆ تۆ گرنگەو نە خراپ. تۆ بە هیچ شێوەیەک دووجەمسەر نیت. هەموو شتێک بە ئەمرێکی ئیلاهی لە قەڵەم دەدەیت. وازت لە سنووردانان هێناوە و تەنها یەکبوون دەبینیت. تەنانەت لە شەیتانیشدا خودا دەبینیت. لە تاریکیدا ڕووناکی و لە مەرگدا ژیانی نەمرانە دەبینیت. ئەوکاتەی کە شێوە ژیانی دووانەییت بنێیت بەلاوە، ئەو کات دەبیت بە کەسێکی پاک و بێگەرد. لەبەرئەوەی هیچ شتێک ناتوانێت تۆ پیس بکات. ئەمە ئەوپەڕی حاڵەتی خود ئاگاییە.

تۆ دەبێت بڕۆیتە سەروو هەموو دووانەییەکانەوە: ڕەوشتی و نارەوشتی، چاک و خراپ، مردن و ژیان، هاوین و زستان، دەبێت بڕۆیتە سەروو هەموو ئەمانەوە تاکو بتوانیت یەکبوون ببینیت، تۆ دەتوانیت یەکبوون لە ملیۆنەها شێوەدا ببینیت، دەتوانیت یەکبوون لە هەموو شتێک و هەموو شوێنێکدا کە دەبینیت، بدۆزیتەوە.

ئەم ئیشە دەکرێت بێتەدی، تەنها بە کەمێک هەوڵ بۆ بە ئاگاهاتنەوە و هەڵنەبژاردن دێتە دی، تەنها دانیشتن لە دەروونبدا و سەیرکردنی زهن بەبێ هەڵبژاردنی شتێک. هاتووچوو بەردەوامە و تۆ لە سوچێک بەبێ ئەوەی سەرنج بەیت دانیشتوویت، وردە وردە پاکیی و بێگەردیی لە تۆدا پەرە دەسێنێت و ئەم پاکییە وەکو ڕەهابوونێکی گەورە وایە.

# جەژن بۆ خۆت بگێڕە

خەریکی خوێندنەوەی چەند دێڕە هۆنراوەیەک لە (واڵت ویتمەن) شاعیری ئەمەریکی بووم. من عاشقی هۆنراوەکانی ئەم شاعیرەم، ئەو یەکێکە لە گەورەترین شاعیرەکان کە هاتونە دونیاوە. ویتمەن دەڵێت: (من بۆ خودی ڕاستەقینەی خۆم جەژن دەگرم، من گۆرانی بۆ خودی ڕاستەقینەی خۆم دەچڕم و هەرشتێک کە بەسەر مندا ڕوو دەدات بەسەر تۆشدا ڕوو دەدات، لەبەرئەوەی کە هەر ئەتۆمێک کە موڵکی منە لە هەمان کاتدا موڵکی تۆشە.) ئەمە پەیامی تەواوی ئەوانەیە کە گەیشتوون بە ناسین و بە تایبەتیش پەیامی منە.

دەرفەت بدە هەموو دڵت بڵێت: (من بۆ خودی ڕاستەقینەی خۆم جەژن دەگرم و بۆ ئەو ئاواز دەچڕم)، بەڵام ئەوەت لە یاد بێت کە خودی ڕاستەقینە هەمان (خود)نییە، بەڵکو شتێکە لە سەرووی ئەوەوە. (خود) دروستکراوی تۆیە، خودی ڕاستەقینە بەشێکە لە خوداوەند، خودی ڕاستەقینە تۆ جیاناکاتەوە لە بوون و تۆ ناکات بە دوورگە. بەڵکو تۆ دەخاتە یەکبوونەوە

لەگەڵ بووندا و دەتخاتە شادومانی و ئازادییەوە کە ئەمانە هەموو سەرچاوە لە یەکبوونەکەوە دەگرێت. تۆ ((خود))ت بەجێهێشتووە و هاتوویتە ناو شوێنێکی چەند لایەنەوە کە هەموو ئەمانەی تێدایە. بەڵام بۆ ئەم ئیشە پێویستت بە بوێرییەکی باش هەیە، بوێرییەکی باش بە دەست بێنە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بژیت، تاکو هاوئاهەنگ لەگەڵ ناکۆتاییدا بژیت.

# عارفی ڕاستەقینە

عارفی ڕاستەقینە ئەو کەسە نییە کە واز لە دونیا دێنێت و ڕیازەت دەکێشێت، بەڵکو عاشقی ژیانە. چێژ لە ژیان وەردەگرێت، لەبەرئەوەی کە ژیان دەرکەوتەی خودایە. عارفی ڕاستەقینە لێوان لێوە لە ئاواز و گۆرانی. هەر وشەیەکی ئاوازێکە، هەر جوڵەیەکی بۆ خۆی سەمایەکە. ئەمە لە ئەوپەڕی ئاگاییدا دەقەومێت، ئەو کاتەی کە تۆ گەیشتوویت بە بەرزترین پلە و هیچ شتێکت لە بەرامبەردا نەماوە و هەموو شتێکت بەجێ هێشتووە و لەش بۆ خۆی لەو دۆڵەی خوارەوەیە و زهنیش لە نێوان ڕێگەدایە و تۆ ئاگاییەکی تەواویت. هیچ شتێکی تر نیت جگە لە ئاگاییەکی تەواو کە پێی دەگوترێت (سامادهی). ئەو کات هەزاران ئاواز و گۆرانی لە تۆوە هەڵدەقوڵێت و هەزاران گوڵ لە تۆدا دەپشکوێت، تاکو کاتێک ئەمە ڕوو نەدات هیچ مرۆڤێک ناگات بە کامەرانی. هیچ مرۆڤێک ناگات بە ڕازیبوون.

تۆ دەبێت لە دڵی خۆتدا هەست بە ناڕازیبوونێکی زۆر بکەیت و دەبێ شەوقێکی زۆر بۆ گەشتن بە سامادهی، بۆ گەیشتن بە ئاگایی باڵادەست لە تۆدا هەبێت. هەمووان دەتوانن بگەن بەم شتە، مافی هەموو کەسێکە تەنها دەبێت داوای بکەی.

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




**کتێبخانەی ( PDF )** ›

Public group · **100K** Members